ENDESE

تیمساح

دۆستۆیڤسکی

وەرگێڕانی:

کاروان مەحمود

Scanned by CamScanner

دۆستۆیڤسکی

تیمساح

وەرگێڕانی

کاروان مەحمود

ENDESE

Scanned by CamScanner

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ENDESE

ناوی کتێب: تیمساح
ناوی نووسەر: دۆستۆیڤسکی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کاروان مەحمود
بابەت: چیرۆک
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٥
چاپخانە: پەنجەرە
تیراژ: (٣٠٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٣٩)ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی بڵاوکەرەوە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

Scanned by CamScanner

ڕووداوێکی نائاسایی

باس لە چیرۆکی پیاوێکی بەتەمەنی بەڕێز و بەهەیبەت دەکات، کە چۆن لەلایەن تیمساحێکەوە بەزیندوویی قووت دەدرێت لە گەلەرییەکدا، هەروەها سەرجەم ئەو ڕووداوانەی تر، کە بەشوێن خۆیدا دەیهێنێت.

لامبێرت! لامبێرت لەکوێیە؟

ئایا لامبێرتت نەبینیوە؟

(١)

لە بەرواری سیازدەی مانگی یەکی ئەم ساڵدا کە ساڵی ١٨٦٥ە، لە کاتژمێر دوازدە و نیوی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، ئێلینا ئیڤانۆڤنا (خێزانی ئیڤان ماتڤێتیچی هاوڕێی ڕۆشنبیرم، کە هاوکارمە لە هەمان ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کاری لێ دەکەین، یان ئەتوانرێت بوترێت بە هەمان شێوە جۆرێک لە پەیوەندیی خزمایەتیش لە نێوانماندا هەیە)، مەیلێکی سەیری تێ گەڕابوو، کە هەر ئێستا بۆ بینینی ئەو تیمساحە بچن، کە لە گەلەرییەک بۆ نمایشکردن دانرابوو.

ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ئیڤان ماتڤێتیچ پێشتر بلیتی چوونەدەرەوەی لە گیرفاندا بوو، بەنیازی گەشتکردن بوو (هەڵبەت گەشتەکەی ئەو بۆ چارەسەری تەندروستی نەبوو، بەڵکوو گەشتێکی ڕۆشنبیری بوو بۆ زیاتر پەرەپێدانی مێشکی). هەروەها خۆدوورخستنەوە لە جەنجاڵی ئەو کاری کارگێرییەی کە تووشی ماندووبوونی

Scanned by CamScanner

کردبوو. هەرچۆنێک بێت، ئەو بەیانییە هیچ کارێکی وای نەبوو بیکات، بۆیە هیچ بەرهەڵستییەکی بەرامبەر ئەو مەیلە حولحولیانەیەی خێزانەکەی نیشان نەدا، بگرە خۆشی حەزی بینینی تیمساحەکەی تێ گەڕابوو، بۆیە بە دەنگێک، کە ڕەزامەندییەکی زۆری پێوە دیار بوو، وتی:

"چ بیرۆکەیەکی نایابە! بۆ بینینی تیمساحەکە ئەڕۆین! ئەمەش ڕێک پێش ئەو ئێوارەیەی کە بەتەمام گەشتەکەم بکەم بۆ ئەوروپا. بیرۆکەیەکی خراپ نییە پێش ئەوەی بڕۆم شارەزایی لەگەڵ ئەو هاوولاتییانە پەیدا بکەم، کە لە ولاتەکەمان نیشتەجێن."

لەگەڵ دەربڕینی ئەم وشانەدا، قۆلی کرد بە قۆلی خێزانەکەیدا، دەستبەجێ بەرەو گەلەرییەکە بەڕێ کەوتن. منیش وەک هاورییەکی گیانیبەگیانی خێزانەکە، ئاسایی وەک هەموو جارەکانی تر، چوومە پالیان. هەرگیز پێشتر ئیڤان ماتڤیتچم بەو شێوەیە بەئاسوودەیی و میشکسافی نەبینیبوو، وەک لەو بەیانییەی کە هەرگیز لەیاد ناکرێت بینیم - ئەبێت تا چەندیک ڕاست بێت، کە ئێمە نازانین چ چارەنووسێک چاوەڕێمانە!

هەر کە پێمان خستە ناو گەلەرییەکەوە، ئیڤان ماتڤیتچ یەکسەر تووشی سەرسووڕمان و شادییەکی بێئەندازە هات بە هۆی شکۆمەندیی تەلارەکەوە، کاتێکیش

Scanned by CamScanner

کە گەشتین بەو دوکانەی جانەوەرەکەی لێ بوو، ئەو تیمساحەی ماوەیەک بەر لە ئێستا بۆ پترسبۆرگ هێنرابوو، نمایش دەکرا.

ئیڤان ماتڤیتچ، خۆبەخشانە بیستوپێنج کوپیکی بەخشییە خاوەنی تیمساحەکە، بۆ ئەوەی ڕووخسەتی منیش بدات تیمساحەکە ببینم، شتێک کە هەرگیز پێشتر ڕووی نەدابوو. بەرەو ژوورۆچکەیەک بەڕێ کەوتین. تێبینیی ئەوەمان کرد، کە لەپاڵ تیماساحەکەدا، هەندێک تووتیش بەرچاو دەکەوتن، کە لە جۆرە تووتییەک بوو؛ ناسرابوو بە (کاکەتوو)، هەروەها کۆمەڵە مەیموونێکیش بەرچاو دەکەوت، کە لە قەفەسێکی تایبەتیدا خەویان لێ کەوتبوو.

نزیک دەرگای هاتنە ژوورەوە، بەدرێژاییی لای چەپی دیوارەکە حەوزێکی گەورەی کانزایی دانرابوو، لە بانیۆ دەچوو، چواردەورەکەی بە جۆرە ئاسنێکی تەنک پەرژین کرابوو. بەقووڵاییی دوو ئینج پڕ کرابوو لە ئاو. لەناو ئەم حەوزەدا، کە هێندە قوڵ نەبوو، تیمساحێکی گەورەی تێدا هەڵگیرابوو، کە وەک کۆتەرە دارێک تەواو بێجووڵە ڕاکشابوو. وا دەر دەکەوت ئاووهەوا شێدارەکەی شارەکەی ئێمە ئەو تیمساحە داماوەی بەتەواوی لە جووڵە خستبێت، هەروەها پێنەدەچوو زۆر حەزی بە چارەی ئەو سەردانکەرانە بێت، کە هاتبوون بۆ تەماشاکردنی.

Scanned by CamScanner

ئەو دەعبایە، لە سەرەتادا بە هیچ شێوەیەک ڕووی پێ نەدان، بە شێوەیەک، کە ئێلینا ئیڤانۆڤنا بە دەنگێک، کە تژی بوو لە پەشیمانی، وتی:

"کەواتە ئەمە بوو ئەو تیمساحەی باسیان دەکرد! نازانم بۆ وا بیرم دەکردەوە کە... دەبێت شتێکی جیاوازتر بێت."

لەوە دەچوو ئێلینا ئیڤانۆڤنا وا بیری کردبێتەوە، کە ئەو تیمساحە لە ئەلماس دروست کراوە. خاوەنی تیمساحەکە، کە کەسێکی ئەلمانی بوو، هاتە دەرەوە و بە چاوێکی پڕ لە فیز و شانازی و هەستێکی نائاسایی پڕ لە خۆبەزلزانییەوە لێی ڕوانین.

ئیڤان ماتڤیتیچ چرپاندی بە گوێما، "مافی خۆیەتی ئا بەو شێوەیە شانازی بە خۆیەوە بکات. چونکە دەزانێت کە خۆی تەنها پیاوە لە ڕووسیادا تیمساح بۆ خەڵک نمایش دەکات"

من ئەم سەرنجە نالۆژیکییەی ئیڤان ماتڤیتیچی هاوڕێم وا وەرگرت، کە بە هۆی ئەو خۆشییە زۆرەوەیە، کە سەرتاپای بیر و هەستی گرتبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆربەی 'بۆنەکان' دا جۆرە هەستێکی ئیرەییبردن تێدا دروست دەبوو، بۆیە ئەو قسانەی کە کردی، بۆ من زۆر جێگەی سەرنج نەبوو.

Scanned by CamScanner

ئیلینا ئیڤانۆڤنا، کە لە بێدەنگی و کەللەڕەقیی خاوەنی تیمساحەکە ئاسوودەیی خۆی لەدەست دابوو، زەردەخەنەیەکی ئەفسوناوی خستە سەر لێوەکانی، بۆ ئەوەی ئەو ڕووە گرژ و تاڵەی کابرای خاوەن تیمساح ئاسایی بکاتەوە. ئەمەش کارێکە، کە ئافرەتان ئەیکەن – وتی:

"لەو باوەڕەدا نیم تیمساحەکەی ئێوە زیندوو بێت."

خاوەنی تیمساحەکە بە ڕووسیەکی شەقوشڕ وەڵامی دایەوە:

"ئۆی، نا، خانمەکەم!"

خاوەنی تیمساحەکە بێ وەستان و بەخێرایی پەرژینە ئاسنینەکەی جووڵاند و بە چیلکەیەک ئاژنییە سەری دەعباکە. ئیتر دەعبا بەڕواڵەتباشەکەش، بۆ ئەوەی نیشانمان بدات زیندووە، دەستەکانی لەگەڵ کلکیدا جووڵاند. لمۆزی بەرز کردەوە و دەستی بە جۆرێک لە مشەمشکردن کرد.

کابرای ئەڵمانی، وەک ئەوەی نەوازشی تیمساحەکە بکات، چێژیشی لە خۆبەزلزانییەکەی خۆی بینیبوو، وتی:

"زۆر باشە، کارلشن، وەرە، دڵگران مەبە نازدارەکەم."

ئیلینا ئیڤانۆڤنا زیقاندی و بە مەکربازییەوە وتی:

Scanned by CamScanner

چ تیمساحێکی قێزەونە، بەڕاستی ترسام. ئەزانم ئەمشەو خەونی پێوە دەبینم!"

کابرای ئەڵمانی بەخێرایی وەڵامی دایەوە:

"بەڵام ئەو ناگرێت گاز لێتان، ئەگەر ببینن خەو پێوەی."

کابرای ئەڵمانی، وەک پاڵەوانێک سەری وەرچەرخاند و تەنها کەسێک بوو بە قسەکەی خۆی پێکەنی. نەیتوانی هیچکام لەم سێ کەسەمان بە قسە بێتامەکەی بخاتە پێکەنین. بۆیە کەسمان وەڵاممان نەدایەوە.

ئیلینا ئیڤانۆڤنا بە لووتبەرزییەوە ئاماژەی بۆ کردم، وتی:

وەرە سیمیۆن سیمۆنیچ، با بڕۆین تەماشای مەیموونەکان بکەین. من شەیدای مەیموونەکانم؛ ئەوان زۆر ڕوحسووک و لەبەردڵانن... بەڵام ئەم تیمساحە زۆر قێزەونە.

ئیڤان ماتڤیتیچ بۆ ئەوەی ئازایەتی و جوامێریی پیاوانەی خۆی بە خێزانەکەی نیشان بدات، بانگی لێ کردین و وتی:

"ئاهو، گیانەکەم، مەترسە! ئەم تیمساحە خەواڵووە حەپۆلەی سەرزەمینی فیرعەونەکان، هیچ ئازارێکمان پێ ناگەیەنێت."

Scanned by CamScanner

ئەو لای حەوزەکە مایەوە و لەگەڵ ئێمە نەهات. دەستکێشەکانی لە دەستی داکەندبوو و بە دەستکێشەکانی کەوتبووە ختووکەدانی لمۆزی تیمساحەکە، پێی خۆش بووە، هەر وەک لە دواییدا خۆی دانی پێدا نا. کە ویستوویەتی تیمساحەکە بخاتە مرخەمرخ.

خاوەنی تیمساحەکە بە هاوەڵی ئیلینا ئیڤانۆڤنا بۆ نزیکی قەفەسی مەیموونەکان ڕۆیشتن لەگەڵیدا، ڕێز و نەزاکەتی خۆی لە بەرامبەر خاتوونێکدا نیشان دا.

بەم شێوەیە هەموو شتێک بەباشی ئەڕۆیشتە پێش، بۆیە پێشبینی ڕوودانی هیچ کارەساتێک لە گۆڕێدا نەبوو. ئیلینا ئیڤانۆڤنا بە کاتبەسەربردن لەگەڵ مەیموونەکاندا تەواو خەنی بوو. بە هەمان شێوە مەیموونەکانیش سەرنجی ئەویان بەتەواوی بەلای خۆیاندا ڕاکێشابوو. ئیلینا ئیڤانۆڤنا بە شێوەیەکی زۆر عەیارانە و بە ڕووخسارێکی مەکربازانە لێی دەڕوانیم و تەواوی سەرنجی لەسەر من چڕ کردبووەوە. بەمەش دەیویست بیرێزی بەرامبەر خاوەنی تیمساحەکە بکات و بەم کارەی سووکایەتیی پێ بکات.

قاقای لێئەدا و بە دڵی خۆی پێئەکەنی. چونکە ئەو هەر مەیمووتە و لەگەڵ شێوەی ڕووخساری ناسیاوێکی یان هاوڕێیەک لە هاورێکانی دەچوواند.

تەنانەت منیشی سەرگەرم کردبوو بەو مەیموونانەوە، لەبەر ئەوەی هەر بەڕاستی ئەو لێکچوواندنانەی ئەو دەیکرد، زۆر لە ڕاستییەوە نزیک بوون. کابرای ئەڵمانی تیا مابوو کە ئایا بەڕاستی پێویستە پێبکەنێت یان پێنەکەنێت، لە کۆتاییدا، بڕیاری دا دەموچاوی بدا بە یەکا و خۆی گرژومۆن نیشان بدات لەبری ئەوەی پێبکەنێت.

ڕێک لەو کاتەدا، قیژەیەکی زۆر ترسناک هات، ئەتوانم بلێم نەک هەر ترسناک، بەڵکوو زۆر لە ترسناک ترسناکتر، زۆر ناسروشتی، بە شێوەیەک، ئەو قیژەیە هێندە بەهێز بوو، ئەو ژوورەی خستە لەرزە. نەمزانی بیر لە چی بکەمەوە، یەکەم جار لە شوێنی خۆمدا بە پێوە وەستابووم، هێشتاش هەر سڕ و تۆقیو بووم، سەرنجم دا ئیلینا ئیڤانوڤناش بە هەمان شێوە دەیقیژاند، بەخێرایی سەرم وەرچەرخاند - بەڵام چی ببینم! چیم بەرچاو کەوت، خودایە!

"ئیڤان ماتڤیتیچ"ی بەدبەختم لەناو شەویلگە ترسناکەکەی تیمساحەکەدا بینی، تیمساحەکە شەویلگەی لە ناوقەدی ئیڤان گیر کردبوو. بەتوندی و بە شێوەی ستوونی لە بۆشاییدا بەرزی کردبووەوە. ئیڤان ماتڤیتیچش لەوپەڕی نائومێدیدا لاقەی دەوەشاند. پاش یەک خولەک، هیچ شوێنەوارێک لە ئیڤان نەمایەوە. ئەبێت ئەم ساتەتان

Scanned by CamScanner

بەوردی بۆ ڕوون بکەمەوە. چونکە لەم ساتەدا، بێ جوولە لە شوێنی خۆم وشک ببووم و کاتی ئەوەم هەبوو تەواوی ئەو ڕووداوەی بە بەرچاومەوە ڕووی دا، بە کونجکاوی* و حەزێکی سەیر، کە هەرگیز پێشتر نەمبووە، ببینم. لەو ساتە شلوقەدا بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئەگەر ئەوەی بەسەر ئیڤان ماتڤیتیچدا هات، ئەگەر بەسەر خۆمدا بهاتایە، ئەبووایە ئیستا چ بارودۆخێکم هەبووایە!

ئەگەڕێمەوە سەر چیرۆکەکەم. تیمساحەکە، ئیڤان ماتڤیتچی کەساسی لەناو شەویلگە ترسناکەکانی ئەهێنا و ئەبرد، بە شێوەیەک، کە سەرەتا لاقەکانی قووت دا، پاشان ئیڤان ماتڤیتچی بەرز کردەوە، کە بەردەوام هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو، خۆی لە دەمی تیمساحەکە قوتار بکات و خۆی فڕێ بداتە دەرەوە و دەستەکانی توند لە ڕۆخی حەوزەکە گیر کردبوو، بەڵام هەوڵدان بێسوود بوو، چونکە تیمساحەکە تا توانیی بەخێرایی بەرزی کردەوە و تا ناوقەدیشی قووت دا. بەم شێوەیە ئیڤانی بەرز کردەوە، بۆ چەندجارێک و تا بەتەواوی قووتی دا...

ئا بەم شێوەیە ئیڤان ماتڤیتیچ لەپێش چاوەکانمان بزر بوو. لە کۆتاییدا، تیمساحەکە هاوڕێ ڕۆشنبیرەکەمی

---

* کونجکاو: بە کەسێک دەگوترێت، مەیلی زانیاریی زیاتری هەبێت لەسەر شتێک.

بۆ دواجار هەڵلووشی و هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نەهێشت. لە دیوی دەرەوەی جەستەی تیمساحەکە، ئەمانبینی چۆن سکی تیمساحەکە هەڵدەئاوسێ بە پەیکەری ئیڤان ماتڤیتیچ، کاتێک لەناو ورگی دەعباکەدا نغرۆ دەبوو.

لەوەدا بووم سەرلەنوێ پڕ بە گەرووم هاوار بکەم، کاتێک چارەنووس گەمەیەک لە گەمە بێبەزەییەکانی خۆی لەگەڵدا کردینەوە.

تیمساحەکە زۆر بەنارەحەتی جوولەی بۆ دەکرا. ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ گەورەیی قەبارەی ئەو تەنە بگەڕایەتەوە، کە قووتی دابوو. جارێکی تر شەویلگە ترسناکەکانی کردەوە، لەگەڵ دوانزەگرییدا، لەپڕ ڕێی دا ئیڤان ماتڤیتیچ بۆ چرکەیەک سەری دەر بهێنێت، ئیمەش ڕووخساری نوقوومبوو و نائومێدیمان بینی. لەو کاتە کورتەدا، چاویلکەکەی لەسەر لووتی کەوتە خوارەوە بۆ ناو بنی حەوزەکە. وا دەر دەکەوت ئەم ڕووخسارە نائومێدە، سەری خۆی هێنابێتە دەرەوە، تا بۆ دواجار ماڵئاوایی خۆی لە هەموو ئەو تەنانەی چواردەوری و خۆشییەکانی دونیا بکات. بەڵام فریا نەکەوت ئەم ئامانجەی بەدی بهێنێت، چونکە تیمساحەکە بە یەک جوولەی تر، دووبارە هەڵی لووشییەوە و لە بەرچاوانی نەهێشت، ئەمجارە، بۆ

Scanned by CamScanner

هەمیشە لە بەرچاوان ون بوو. ئەم دیمەنی دەرکەوتن و ونبوونەی سەری مرۆڤێک، کە هێشتا زیندووە، زۆر سامناک بوو. چونکە ئەم ڕووداوە زۆر بەخێرایی و لەناکاو ڕووی دا، هەروەها کەوتنەخوارەوەی چاویلکەکە بۆ بنی حەوزەکە، دیمەنێکی پێکەنیناوی دروست کرد، لەناکاو دوور لە چاوەڕوانی خەریک بوو لە پرمەی پێکەنین بەم. بەڵام هەر زوو بەئاگا هاتمەوە و تێگەیشتم پێکەنین لە کاتێکی وادا کارێکی شیاو نییە، بەتایبەت بۆ من کارێکی نەشیاو بوو، لە کاتێکی وادا بە هاوڕێیەکی لەمێژینەی خێزانەکەم پێبکەنم، هەر بۆیە بەخێرایی ئاوڕم لە ئیلینا ئیڤانۆڤنا دایەوە و بە دەنگێک، کە پڕ بوو لە هەستی بەزەییپێداهاتنەوە، پێم وت:

"چیتر، ئێمە هیچ کارێکمان لە عۆدە نایەت بۆ ڕزگارکردنی ئیڤان ماتڤێتیچ، پێم وا بێت ئەو داماوە کۆتایی پێ هات!"

تەنانەت توانای ئەوەم نییە دژواریی بارودۆخی دەروونیی ئیلینا ئیڤانۆڤنا، لە کاتێکی لەم جۆرەدا ڕوون بکەمەوە. لەدوای یەکەم قیژەی، وا دەر دەکەوت لە شوێنی خۆیدا داکوترابێت بە زەوییەکەدا، شاهیدی بینینی تەواوی کارەساتەکە بوو؛ گەر لە چاوەکانیت بڕوانیایە، بۆت دەر دەکەوت چاوەکانی لە ترسا خەریکن لە کەللەسەرییەوە

Scanned by CamScanner

دێنە دەرێ؛ پاشان کەوتە شیوەن و ڕۆڕۆ، بەڵام من دەستەکانیم گرت، بۆ ئەوەی هێوری بکەمەوە. لەم ساتەدا خاوەنی تیمساحەکە، کە ئەویش بە هەمان شێوە لە سەرەتادا دووچاری ترس ببوو، لەناکاو دەستەکانی لێک ئاڵاند و لە کاتێکدا چاوی بڕیبووە ژووروی خۆی، هاواری کرد:

"ئەی هاوار، تیمساحەکەم! ئەی هاوار، کارلشنە بچکۆلانە خۆشەویستەکەم! دایە، دایە، دایە*!"

لەم لالانەوەیەی کابرای ئەڵمانی، دەرگای ژوورەکەی پشتەوە کرایەوە. (دایە، ئافرەتێکی بەتەمەن دیار بوو، کولمەکانی سوور و کڵاوێکیشی لەسەردا بوو- ئەویش بە شینوشەپۆڕ خۆی گەیاندە کابرای ئەڵمانی.

هەرا و زەنایەکی شێتانە بەرپا بوو. ئیلینا ئیڤانوڤنا شێتگیرانە ئەیقیژاند و هەر ئەم دەستەواژەیەی دەوتەوە:

"کەوڵی بکەن! کەوڵی بکەن!"

دیار بوو ئیلینا ئیڤانوڤنا بۆ ساتێک وەک ئەوەی تووشی لەبیرچوونەوە بووبێت، هاواری لە دایە دەکرد، تا دایە، لە تۆڵەی هاوسەرەکەیدا، تیمساحەکەی بۆ کەوڵ بکات. خاوەنی تیمساحەکە و دایە، بچووکترین سەرنجیشیان بە

---

* زۆر جار لە زمانی ناوبازاڕیدا لە ئەڵمانیا، پیاو بە خێزانەکەی خۆی دەڵێت (دایە).

Scanned by CamScanner

ئیمە نەدا. هەردووکیان وەک گوێرەکە سەریان بەسەر تیمساحەکەدا شۆڕ کردبووەوە و ئەیانبۆڕاند.

خاوەنی تیمساحەکە بە هاوارەوە وتی:

"خەتای خۆی بوو! ئەو هەر ئێستا دەتەقێنێت خۆی، لەبەر ئەوەی قووت دا لێپرسراوی گەورەی دەوڵەت!"

دایەش بە نووزەنووز وتی:

"کارلشنە بچکۆلانەکەی ئێمە، کارلشنە خۆشەویستەکەی ئێمە دەمرێت!"

خاوەنی تیمساحەکە دەنگی خستە پاڵ دەنگی دایە و وتی:

"ئێمە لەدەستمان چوو، سەرچاوەی رۆزی پەیداکردن!"

ئێلینا ئیڤانۆڤنا کە شینوشەپۆڕی نابووەوە، چمکێکی پاڵتۆی کابرای ئەڵمانیی گرتبوو، پێی دەوت:

کەولی بکە! کەولی بکە! کەولی بکە!

کابرای ئەڵمانی لە کاتێکدا خەریکی ڕزگارکردنی چمکی پاڵتۆکەی بوو لەژێر دەستی ئێلینا ئیڤانۆڤنا، گووڕاندی بەسەریدا، وتی:

"خۆی سەری خستە سەر سەری تیمساحەکەم. بۆچی پیاوەکەت سەری خستە سەر سەری تیمساحەکەم؟ دەبێت بیدەیت قەرەبوو، بتەقێت ئەگەر کارلشنە بچکۆلانەکەم، بە

هۆی پیاوەکەتەوە قووت دان، ئەبێت تۆ بدەیت باجەکەی، چونکە کوڕم بوو ئەم تیمساحە، تاقانە کوڕەکەم بوو!

خۆپەرستیی کابرای ئەڵمانی و دڵڕەقی و زبریی ژنەکەی، بەڕاستی زۆر دڵگرانی کردم... لە هەمان کاتیشدا، هاوارکردنەکانی ئیلینا ئیڤانۆڤناش لەولاوە بوەستێت، کە بەردەوام ئەم دەستەواژەیەی چەندبارە دەکردەوە: (کەولی بکەن! کەولی بکەن!) منی هێندەیتر جارز کردبوو و بە شێوەیەک، هەموو بیر و هۆشمی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. ئەتوانم ڕاست و ڕەوان، بێپێچوپەنا بڵێم، کە پەشێوییە نامۆکەی ئەو بەتەواوی تووشی سەرەگێژەی کردبووم، نەمەتوانی تێبگەم؛ بەڵام وای بۆ ئەچووم، کە ئیلینا ئیڤانۆڤنا بۆ چەند ساتێک ئاوەزی خۆی لەدەست دابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدا بوو، کە تۆڵەی مێردە لەدەستچووەکەی "ئیڤان ماتڤیتچ" لە کەولکردن و پێستداماڵینی تیمساحەکەدا بەدی دێت، لە کاتێکدا ئەوە مەبەستی سەرەکیی ئەو نەبوو، بەڵکوو مەبەستێکی تەواو جیاوازی هەبوو.

بەدزییەوە ئاوڕم دایەوە بۆ لای دەرگاکە و لە چواردەوری خۆمم ڕوانی، بێ ئەوەی شەرم بکەم، داوام لە ئیلینا ئیڤانۆڤنا کرد و لێی پاڕامەوە تا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و چیتر ئەم ڕستە نەشیاوە، ((کەولی بکەن))،

Scanned by CamScanner

بەکار نەهێنێت، چونکە ڕووهەڵمالین لەسەر مەیلێکی ئاوا کۆنەپەرستانە تا ئەم ڕادەیە، لە شوێنێکی وەک ئەم شوێنەشدا، لە ناوەڕاستی گەلەرییەکەدا و لەنێوان ئەو خەلکە ڕۆشنبیرەدا، لە باروودۆخێکی لەم جۆرەدا، نەک هەر کردەیەکی لۆژیکی نەبوو، بگرە هەر نابێت بیریشی لێ بکرێتەوە. لە کاتێکدا لەو نزیکانە، کە هەمووی چەند هەنگاوێک لەو شوێنەی ئێمەوە دوور نەبوو، هۆڵێکی لێ بوو، کە ڕێک لەو کاتەدا لەوێ بەڕێز "لاڤرۆڤ" خەریکی پێشکەشکردنی وتارێک بوو بۆ ئەو خەلکە، ئەم خواستە کۆنەپەرستانەیەی ئێلینا ئیڤانۆڤنا، بۆی هەبوو لە هەرکاتێکدا بێت، ببێتە هۆی ئابڕووچوون. چونکە لەو کاتەدا ئەگەر هونەرمەندی کۆمیدی، بەڕێز "ستێپانۆڤ" لەوێ ئامادە بووایە، ئەگەری زۆر هەبوو ئەم هەلە بقۆزێتەوە و سبەینێ کۆمیدیایەکی لێ دروست بکات و بمانکات بە بنێشتەخۆشەی دەمی خەلک لە ناوشار. بە ترسێکەوە بۆم دەر کەوت، کە گومانبردنەکەم لە جێی خۆیدا بوو، ئەو پەردەیەی کە ژووری تیمساحەکەی لە پارەوەکە جیا دەکردەوە - لەپڕ لا درا. جەستەیەک بە سمێل و ریشەوە و کلاو بە دەستەوە، دەر کەوت. بەشی سەرەوەی جەستەی بەرەو پێشەوە بە درێژی چەماندبووەوە و سەری هێنابووە ناوەوە، بەلام پێیەکانی بە نەزاکەتەوە لەپشتی ژووری تیمساحەکەوە شاردبووە

Scanned by CamScanner

بۆ ئەوەی پێویست نەکات نرخی هاتنەژوورەوە بدات.
کابرای بێگانە، کە هەوڵی ئەوەی ئەدا پێی نەخاتە ژوورەکە، وتی:

"خانمەکەم، ئەم مەیلە کۆنەپەرستییەتان لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و ژیریتان یەک ناگریتەوە، هۆی هەبوونی مەیلێکی لەم شێوەیە، هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ کەمیی ڕێژەی فسفۆر لە مێشکتاندا. بۆیە خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەو ئابڕووچوونەی لە گۆڤارەکەمان، گۆڤاری (گەشتی ڕووداوەکان) لە ستوونی ڕەخنەییەکەیدا، ئەم قسە ئابڕووبەرانەتان چاپ دەکرێت و..."

بەڵام فریا نەکەوت لێدوانەکانی تەواو بکات؛ کاتێک خاوەنی تیمساحەکە بە خۆیدا دەهاتەوە، بە ترسەوە تەماشای کرد وا پیاوێک بێ ئەوەی پارەی هاتنەژوورەوە بدات، لە ژووری تیمساحەکەوە دەپەیڤێت، بەتووڕەیی بەرەو لای نوێخوازە نامۆکە ڕای کرد و بە دەستی نووقاوەوە کابرای بە بۆکس فڕێ دایە دەرەوە. بۆ ساتێک هەردووکیان لەپشت پەردەکەوە لە بەرچاومان دیار نەمان. دواتر تێگەیشتم تەواوی ئەو هەرا و زەنایەی ڕووی دا، لەسەر هیچ بووە. ئێلینا ئیڤانۆڤنا لەم مەسەلەیەدا بەتەواوی بێگوناه بوو؛ لە ڕاستیشدا ئەو مەبەستی ئەوە

Scanned by CamScanner

نەبوو بە کەولکردنی تیمساحەکە، بیەویت بە ئازاری جەستەیی ئەم گیاندارە سزا بدریت، بەلکوو دەیویست بلیت بۆ دەرهینانی هاوسەرەکەی لە سکی ئەو تیمساحە، نەبیت ورگی تیمساحەکە هەلدڕیندریت.

بەلام ئەلمانییەکە لە کاتیکدا بەرەو لای ئیمە ڕای دەکرد، هاواری لی هەستا و وتی:

"چی! ئاواتی ئەوە دەخوازیت تیمساحەکەم لەناو بچیت! نەخیر! با ڕی بدەین یەکەم جار میردەکەت لەناو بچیت، پیش تیمساحەکەی من...! باوکی من تیمساح نمایش کرد. باپیرەشم تیمساح نمایش کرد. کوڕەکەی منیش ئەبیت تیمساح نمایش بکات. منیش تیمساح نمایش دەکەم، هەمووان تیمساح نمایش دەکەن! من ناسراوم لە سەرانسەری ئەوروپا، بەلام تۆ نەناسراویت لە سەرانسەری ئەوروپا، هەر بۆیە پیویستە لەسەرت، بکەیتەوە قەرەبووم!

دایەش بەوپەڕی تووڕەییەوە وتی:

"بەلی، بەلی، ئیمە ناهیلین تۆ هەر وا بەئاسانی لیرە بڕۆیت، ئەبیت قەرەبوومان بکەیتەوە، چونکە کارلە بچکۆلانەکەمان خەریکە ئەتەقیت!"

هەولم دا هەرچی زووترە، ئیلینا ئیڤانۆڤنا بگەڕینمەوە بۆ مالەوە، بۆیە بەهیمنی پیم وت:

Scanned by CamScanner

"ڕاستیت بوێت، کەولکردنی تیمساحەکە تازە هیچ سوودێکی نییە، چونکە ئێستا ئیڤان ماتفیتیچی خۆشەویستمان ڕەنگە ڕۆحی پەیوەست بووبێت بە دونیاکەی ترەوە!"

خۆشەویستم...!

لەپڕ تووشی سەرسووڕمانێکی لەڕادەبەدەر بووین، کاتێک گوێمان لە دەنگی ئیڤان ماتفیتیچ بوو، وتی:

"خۆشەویستم! ئامۆژگاریت دەکەم هەرچی زووترە و بێ دواکەوتن بڕۆیتە لای بەڕێوەبەری پۆلیس، چونکە تا پۆلیس پێی نەخاتە ناو ئەم ئاریشەیەوە، ئەم ئەڵمانییە نالۆژیکییانە هەڵسوکەوت دەکات و لە هیچ شتێک تێناگات."

ئەم وشانە، کە بەوپەڕی بڕوابەخۆبوون و دڵنیابییەوە دەهاتە بەر گوێیان، نیشانەی بەڵگەنەویستی زیندوویی چاوەڕواننەکراوی ئەو بوو، بە شێوەیەک، کاتێک ئێمە گوێمان لەو قسانە بوو، بە جۆرێک تووشی سەرسووڕمان بووین، کە بڕوامان بە گوێیەکانی خۆمان نەدەکرد لەوەی بیستمان!

بەڵام بەدڵنیاییەوە، هەر کە گوێبیستی دەنگەکە بووین، بەخێرایی هەردووکمان ڕامان کرد بەرەو حەوزی تیمساحەکە. بە ڕێز و گرنگییەکی زۆرەوە، گوێمان بۆ بەندی بەدبەخت شل کرد. دەنگەکە کپ، ناسک، تەنانەت

Scanned by CamScanner

زیاتر لە زیقەزیق دەچوو؛ لە دەنگێکی دوور دەچوو. ئەمە کەسێکی قۆشمەچی وەبیر هێنامەوە، کە بالیفێکی خستبووە سەر دەمی و لە ژووری تەنیشتەوە هاواری دەکرد، هەوڵی ئەوەی ئەدا دەنگی دوو جووتیار دەر بکات، کە بانگیان لە یەکتر دەکرد لە بیابانێکی کاکیبەکاکی یان لەناو شیوێکدا. ئەمەش بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو گوێگرانەی ئامادەی بینینی ئەم جۆرە نمایشانە ئەبن. خۆشبەختانە یەک جار لە ئاهەنگی کریسمسدا لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانم، شاهیدی بینینی ئەم جۆرە نمایشە بووم.

ئیلینا ئیڤانوڤنا، کە تووشی زمانگیران ببوو، وتی:

"ئیڤان ماتڤیتچی خۆشەویستم، کەواتە تۆ هێشتا زیندوویت!"

ئیڤان ماتڤیتیچ وەڵامی دایەوە:

"زیندووم و باشم. سوپاس بۆ خودای میهرەبان، تیمساحەکە بە جۆرێک قووتی دام، کە هیچ ئازارێکی پێ نەگەیاندم. تەنها شتێک کە جێگەی خەمی من بێت، ئەوەیە کە نازانم بەرپرسەکانم سەبارەت بەم پێشهاتە نائاساییەی بەسەرمدا هاتووە، چۆن بیر دەکەنەوە؛ دوای ئەوەی ڕووخسەتم وەرگرت بۆ ڕۆشتن بۆ ئەورووپا، بەڵام ئێستا وەک دەبینن لەناو سکی تیمساحێکدام، لە ڕاستیدا من لەمەدا نە فێلم کردووە، نە گوناهێکیشم هەیە

Scanned by CamScanner

سەبارەت بەمەی ڕووی داوە.

ئیلینا ئیڤانۆڤنا قسەکانی پێ بڕی و وتی:

"بەلام خۆشەویستم، مێشکی خۆت بەوەوە سەرقاڵ مەکە کە فیلت بەکار هێناوە یان نا؛ پیش هەموو شتیک، گرنگترین شت ئەوەیە بە چ ڕێگەیەک تۆ لەم شوێنەی ئێستات کە تێی کەوتوویت، دەر بهێنین.

خاوەنی تیمساحەکە هاواری کرد:

""دەرهێنان! ڕێگە نادەم بە کەس لە تیمساحەکەمەوە پەنجە بدات. ئێستا حەشامەتیکی زیاتر دێت، خەلکیکی زیاتر، منیش پەنجا کوپیک وەردەگرم، زیادە و کارلشنی بچکۆلانەش ناتەقێت!"

دایەش ئەمەی بۆ زیاد کرد:

"سوپاس بۆ خودا!"

ئیڤان ماتڤیتیچ بە ئاوازیکی لەسەرخۆ وتی:

"ئەوان ڕاست دەڵێن. چونکە بنەما ئابوورییەکان لەپێش هەموو شتێکەوەیە!"

ئیلینا ئیڤانۆڤنا وتی:

"خۆشەویستم، من هەر ئێستا ئەچمە لای کاربەدەستانی دەوڵەت و لەوێ سکالایان لە دژ تۆمار دەکەم، چونکە وا دەر دەکەوێت خۆمان ناتوانین ئەم ئاریشەیە بەهێمنی

Scanned by CamScanner

چارەسەر بکەین!

ئیڤان ماتڤیتیچ وتی:

"منیش هەمان بڕوام هەیە. بەلام بە هۆی ئەم تەنگەژە ئابوورییەی لە سەردەمە پیشەسازییەکەماندا سەری هەڵداوە، هەڵدڕینی ورگی تیمساحیک و بەبێ پێدانی نرخی ئەو سکهەڵدڕینە، کاریکی زۆر ئاسان نییە. ئەو پرسیارەشی لێرەدا دیتە بەردەممان، ئەوەیە کە ئایا کابرای ئەلمانی لە بەرامبەر هەڵدڕینی ورگی تیمساحەکەی، چەندێک پارەی دەوێت؟ کێشەیەکی تریش ئەوەیە، کە بە چ شێوەیەک پارەکە بدەین، چونکە خۆت باش ئەزانیت من لە دارای دنیا هیچ شک نابەم..."

بە ترسیکەوە وتم:

"پێم وا بێت لە مووچەی مانگانەکەت..."

بەلام خاوەنی تیمساحەکە نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، خێرا پێی بڕیم و وتی:

من نافرۆشم تیمساحەکە؛ من ئەفرۆشم بە سێ هەزار تیمساحەکە! من بۆ چوار هەزار دەفرۆشم تیمساحەکە! ئیستا حەشامەت زیاتر دێن بۆ ئێرە. من بۆ پێنج هەزار ئەفرۆشم تیمساحەکە!

خاوەنی تیمساحەکە ئەم قسانەی بەوپەڕی شادییەوە دەکرد. چاوچنۆکییەکی بێسنوور لەگەل ڕژدییەکی

Scanned by CamScanner

بێئابڕوانە لە چاوەکانیدا بڵیسەی دەدا.

من کە خەریک بوو دڵم ئەتەقی لەم قسانەی کابرای ئەڵمانی، بەوپەڕی تووڕەیییەوە هاوارم کرد:

"من دەڕۆم"!

ئیلینا ئیڤانوڤناش بەناڵینەوە وتی:

"منیش ئێرە بەجێ ئەهێڵم! پێویستە بچم بۆ لای خودی ئاندری ئوسیپیچ، هەوڵ ئەدەم بە فرمێسکەکانم دڵی نەرم بکەم."

ئیڤان ماتڤیتیچ بەپەلە خۆی هەڵدایە ناو قسەکانی و وتی:

"ئەم کارە مەکە، خۆشەویستم..."

زۆر لەمێژ بوو کە ئیڤان ماتڤیتیچ بە هۆی ژنەکەیەوە ئیرەیییەکی زۆری بە ئەندری ئوسیپیچ دەبرد، بۆیە دەشیزانی ئیلینا ئیڤانوڤنا چێژ لەوە دەبینێت، کە لە بەردەم پیاوێکی خانەدان و ڕۆشنبیردا بگری، چونکە پێی وا بوو گریانی لێ دێت.

ئیڤان ماتڤیتیچ بەردەوامی بە قسەکانی دا و ڕووی قسەکانی کردە من:

هاوڕێی من، ئامۆژگاریی تۆش ناکەم کە ئەم کارە بکەیت. ئەم هەڵەشەیییە هیچ سوودێکی نییە، چونکە

Scanned by CamScanner

ئەنجامەکەی ڕوون نییە. باشترە هەر ئەمڕۆ بچیتە لای تیمۆفی سمیۆنیچ. خۆت نیشان بدە، وەک ئەوەی سەردانێکی ئاسایی بێت. ئەو کابرایەکی کۆنەخوازە، بەلام بە هەرحال، مرۆیەکی زۆر ژیرە، لەگەل ئەوەشدا، جێی متمانەپێکردنە، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، کەسێکی زۆر ڕاشکاوە و چیی بوێت، ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا دەیلێت. سلاوی منی پێ بگەیەنە و سەرلەبەری چیرۆکەکەی بەوردی بۆ بگێڕەوە. حەوت ڕۆبلی قەرزدارم، ئەو حەوت ڕۆبلەشی لە دەرفەتی گونجاودا بۆ بگێڕەوە، چونکە کۆتا جار کە یاریی کاغەزمان کرد بەیەکەوە، حەوت ڕۆبلم پێ دۆڕاند، بۆیە ئەرک بکێشە و لە کاتی گونجاودا ئەو حەوت ڕۆبلەی بدەرەوە، بەلکوو دلی ئەو پیرەپیاوە بەوە نەرم بێت. بە هەرحال، ڕەنگە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەو بۆ ئێمە کەلکێکی باشی هەبێت. لە هەمان کاتا، ئێلینا ئیڤانۆڤناشم تا مالەوە بۆ بگەیەنە...

پاشان، بۆ ئێلینا ئیڤانۆڤنا کەوتە ئاخاوتن وتی:

"خۆشەویستم، خۆت ئارام بکەرەوە، من لەدەست ئەم هاوار و قرەقرە ژنانەیەی تۆ ماندوو بووم، ئیستا پێم خۆشە سەرخەوێک بشکێنم. ئێرە گەرم و نەرمە، کاتێکی زۆر سەختم تێپەڕاند، تا لەگەل ئەم پەناگە چاوەڕواننەکراوەدا ڕاهاتم!"

Scanned by CamScanner

ئێلینا ئیڤانۆڤنا بە دەنگێک، کە تژی بوو لە شادی، هاواری کرد:

"سەیری چواردەورت بکە! ئایا ڕووناکی لەوی هەیە؟"

بەندی بەدبەخت پەرسڤی دایەوە:

"من لەناو دلی تاریکیی شەودا بەند بووم، بەلام هەستی خۆمم لەدەست نەداوە، هەروەها ئەتوانم قسە بکەم و بە دەستەکانیشم لەبری چاوەکانم لە چواردەوری خۆم بڕوانم... خودات لەگەل؛ ئارامگر بە و بیرت نەچێت، کە شادی بکەیت و بیر لەم ڕووداوە نەکەیتەوە. تا سبەینێ، خودات لەگەل! هەروەها تۆ، سیمیۆن سمیۆنیچ، ئێوارە بگەڕێرەوە بۆ لام. لەبەر ئەوەی مرۆیەکی، شت زوو لەبیر دەکەیت، هەر لەبەر ئەوە، دەستەسڕەکەت گرێ بدە، بۆ ئەوەی بکەویتەوە بیرت و بێیتەوە بۆ ئێرە!"

ئەبێت دانی پێدا بنێم، کە بە ڕۆیشتن لەو شوێنە ئاسوودە بووم. چوون بەڕاستی ماندوو بووم و تا ڕادەیەکیش بێزار بووم. خێرا باسکی خۆم بەرەو لای ئێلینا ئیڤانۆڤنای دلشکاو - کە پشێوییەکە نازدارتری کردبوو، درێژ کرد. بەخێرایی لە ژووری تیمساحەکە هێنامە دەرەوە.

خاوەنی تیمساحەکە لەدوامانەوە بانگی لێ کردین:

"بۆ ئێوارە هاتنە ژوورەوە، زیاد دەکرێت بیستوپێنج

Scanned by CamScanner

کوپیکی تر."

ئیلینا ئیڤانوڤنا لە کاتێکدا لەناو هەموو ئاوێنەکانی سەر دیواری گەلەرییەکە، لە خۆی دەڕوانی پێدەچوو ئاگاداری ئەوە بێت، کە لە کاتە ئاساییەکانی تر جوانتر دەر دەکەوێت، وتی:

"ئاه.. گیانەکەم، چ مرۆڤگەلێکی پارەپەرست و چاو چنۆکن!"

شانازیم بەوەوە دەکرد، کە ڕێبوارانی سەر ڕێ باسکی خانمێکی ئاوا قەشەنگیان لە باسکمدا دەبینی، بۆیە بە بەسۆزییەکەوە وتم:

بنەماکانی ئابووری...

"بنەماکانی ئابووری...! لە کۆتاییدا من کەمێکیش چییە تێنەگەیشتم لەوەی کە تۆزێک بەر لە ئێستا، ئیڤان ماتڤیتیچ باسی ئەو شتە قێزەونە، بنەماکانی ئابووری، کرد، نازانم باسی چی کرد، نەمتوانی هیچ لە قسەکانی تێبگەم.

"من بۆت ڕوون دەکەمەوە."

دەستم کرد بە باسکردنی سوودەکانی ئەو سەرمایە دەرەکییەی لە دەرەوەی ڕووسیاوە دێتە ناوەوە، هەروەها جۆری ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئابووریی ڕووسیا دەبێت. هەڵبەت سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژە، چەند وتارێکم

لەسەر ئەو بابەتە لە هەردوو ڕۆژنامەی ((پترزبورگ-نیوز)) و ((ڤۆیس)) خوێندبۆیەوە.

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو، قسەکانی پێ بڕیم، وتی:

"ئەمە چەند سەیرە! بەڵام واز لەم قسانە بێنە، ساختەچی. چ قسەگەلیکی بێمانا دەکەیت... بەڕاست پێم بڵێ، ئایا ڕەنگپەڕیو دەر دەکەوم؟"

لە کاتێکدا لێی ورد ئەبوومەوە، بۆ وشەگەلێک ئەگەڕام، لەو وشانەی دڵی ئافرەتان خۆش ئەکات، وشەگەلێک، کە شیاوی وتن بێت، وتم:

"ئەوەی کەموکووڕی بێت لە تۆدا نییە، بگرە لەوپەڕی جوانی و دڵرفێنیدایت!"

بە لەخۆڕازیبوونێکەوە وتی:

"زۆر زۆرزانیت!"

بۆ ماوەی خولەکێک بێدەنگ بوو. پاشان درێژەی دایەوە بە قسەکانی:

"ئیڤان ماتڤیتیچیی هەژار!"

پاشان سەری بە مەکربازییەکەوە جووڵاند و وتی:

"بەڕاستی بۆی بەداخم. ئای، خۆشەویستم!"

لەپڕ فرمێسکەکانی جۆگەلەی بەست و وتی:

Scanned by CamScanner

"چۆن چۆنی ئەتوانێت نانی ئێوارە بخوات...ئەی... ئەی... ئەگەر شتێکی بوێت، ئەبێت چی بکات؟

"پرسیارێکی زۆر بەجێیە."

ئەم پرسیارە بەڕاستی شڵەژاندمی، ئەگەر ڕاستیتان بوێت، هەرگیز ئەم پرسیارە بە مێشکی مندا نەهاتبوو. بەلام بە شێوەیەکی گشتی، خانمان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی ژیان، لە پیاوان هۆشیارترن و پەی بە هەندێک شت دەبەن، کە ئێمەی پیاوان هەر بە بیریشماندا نایەت!

ئێلینا ئیڤانۆڤنا بەردەوامی بە قسەکانی دا: "

"خۆشەویستە داماوەکەم! چۆن ئەم بەلایەی بەسەردا هات... ئێستا هیچ شتێک نییە خۆی پێوە سەرقال بکات لەناو ئەو تاریکییەدا... زۆر ناخۆشە کە هیچ وێنەیەکی فۆتۆگرافیم نییە، تا جاروبار یادی بکەمەوە... ئێستا وەک بێوەژن وام!"

پاشان بە پێکەنینێکی فریودەرانە، کە نیشانەی شادمانی بوو بەم دۆخە نوێیەی، وتی:

ئممم...! لەگەڵ ئەوەشدا من هەر بەزەییم پێیدا دێتەوە.

بەکورتی، ئەوەی ئێلینا ئیڤانۆڤنا دەیوت، وێنەدانەوەیەکی سروشتی و ژیرانەی خاتوونێکی گەنج و سەرنجڕاکێش و مێردلەدەستچوو بوو. لە کۆتاییدا ئەوم گەیاندەوە ماڵەوە

Scanned by CamScanner

و دڵنەواییم کرد، پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵیدا و خواردنەوەی فنجانێک قاوەی بۆندار، کاتژمێر شەش بەرەو ماڵی تیمۆفی سمیۆنیچ بەڕێ کەوتم.

بیرم لەوە دەکردەوە، کە لەم کاتژمێرەدا هەرچی ژن و مێردی خاوەنمنداڵە، لە ماڵەکانیان بەئاسوودەیی بۆ خۆیان لێی دانیشتوون یان لێی ڕاکشاون.

بەشی یەکەمم بە شێوەیەک نووسی، کە گونجاو بێت لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکە. ئەمەویت پاشماوەی ڕووداوەکە بە زمانێک بنووسم، کە سروشتیتر بێت و کەمتر بەرز و نزمی و دووبارەبوونەوەی تێدا بێت، هەر بۆیە لەم ڕووەوە ویستم خوێنەرەکانم لەم ڕاستییە ئاگادار بکەمەوە...

Scanned by CamScanner

(٢)

تیمۆفی سمیۆنیچی ڕێزدار، لە دۆخیکی تا ڕادەیەک شلەژاو، وەک ئەوەی پەشۆکابێت، پێشوازی لێ کردم. بەرەو ژووره بچووکەکەی ژووری خوێندنەوەکەی ڕابەری کردم و دەرگاکەی لەدوای خۆی بەوریایی داخست. بە بێزارییەوە وتی:

"بەم شێوەیە منداڵەکان ناتوانن بێزارمان بکەن."

لەوێ، فەرمووی لێ کردم تا لەسەر کورسی تەنیشت مێزی نووسینەکەی خۆی دابنیشم و خۆشی لەسەر کورسییەکی نەرم و ئاسوودە لێی دانیشت. دامێنی ڕۆبەکەی لە ناوقەدی خۆی پێچا و بەمەش سیمایەکی زیاتر فەرمی و جەسوورانەی پێ بەخشی، بۆ ئەوەی ئامادەی ڕوودانی هەر پێشهاتێکی لەناکاو بێت، هەرچەندە ئەو نە سەرۆکی من بوو، نە سەرۆکی ئیڤان ماتڤێتیچ، تا ئەم ساتەش وەک هاوکارێک لێمان ڕوانیبوو،تەنانەت وەک هاوڕێیەکیش نا.

Scanned by CamScanner

وتی:

"پێش هەموو شتێک، ئەبێت ئەوەت لە بەرچاو بێت، کە من کەسێکی خاوەن هێز و دەسەلات نیم، بەلکوو منیش کارمەندێکم لە پلەکەی تۆ و ئیڤان ماتڤێتیچ... کە لە ڕاستیدا بواری کارەکەی من پەیوەندیی بەم جۆرە بابەتانەوە نییە، پێشم خۆش نییە خۆم بگلێنمە ناو ئەم ئاریشەیەوە."

سەرم لەوە سووڕ ما، کە زۆر بەئاشکرا پێشتر هەموو شتێکی زانیبوو. بەلام سەرەڕای ئەوەش، من سەرلەبەری چیرۆکەکەم بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە بۆ گێڕایەوە. هەرچەندە من بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە قسەم دەکرد، چونکە لەو کاتەدا پێم وا بوو بە ئەرکێکی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە هەستاوم. ئەو گوێی گرتبوو، بەبێ ئەوەی هیچ سەرسوورمانێک بە خۆوە نیشان بدات، بەلام بەڕوونی پێوەی دیار بوو، کە گومانی لە هەموو شتێک هەبوو.

وتی:

"تەنها خەیال بوو! بەلام هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم، کە بەدلنیاییەوە ئەم کارەساتەی بەسەردا دێت!"

"بۆچی تیمۆفی سمیۆنیچ؟ ئەمە پێشهاتێکی تەواو نائاساییە!"

"پەسەندمە کە پێشهاتێکی تەواو نائاساییە، بەلام

Scanned by CamScanner

ئەم شێوە ژیانە بێسەرەوبەرەیەی ئیڤان ماتڤیتیچ، هەر ئەم سەرئەنجامەی لێ چاوەڕوان دەکرا. لە ڕاستیدا، ئەو حولحولی و لەخۆڕازی بوو. هەمیشە لایەنگری لەم قسە پووچ و بێمانایە (پێشکەوتن) و چەند بیروباوەڕێکی تری پووچتر دەکرد. ئەنجامی ئا ئەمەیە بەرهەمی پێشکەوتن بۆ خەلک!"

"بەلام ئەمە ڕووداوێکی زۆر نائاساییە و ناکرێت ئەمە بکرێت بە یاسایەکی گشتی و بەسەر هەموو لایەنگران و ئەندامانی پێشکەوتندا بسەپێنرێت."

"بۆ نا! لە ڕاستیدا دەکرێت بەم شێوەیە بێت. سەیر بکە، من دلنیات دەکەمەوە ئەمە لە ئەنجامی زیادلەپێویست خوێندنەوەی زۆرە. چونکە مرۆڤ کاتێک زیاد لەوەی کە پێویستە بخوێنێتەوە، زیاتر بخوێنێتەوە، پێی خۆشە سەر بکات بە هەموو کونێکا. بەتایبەت بۆ ئەو شوێنانەی نە کەس بانگهێشتی کردووە بۆی و نە کەس پێی وتووە بۆی بچێت."

پاشان وەک ئەوەی زویر و دلڕەنجاو بێت لە خۆی، ئەمەشی بۆ قسەکانی زیاد کرد:

"ڕەنگە خۆشتان باش ئەوە بزانن، کە من کابرایەکی بەساڵاچووم و لە ژیانیشما زۆرم نەخوێندووە. وەک کوڕی پیاوێکی سەرباز دەستبەکار بووم و ئەمساڵیش

ئاهەنگی پەنجاهەمین ساڵیادی خزمەتکردنم دەگێڕم."

"نا، نا، لە ڕاستیدا بەم شێوەیە نییە، تیمۆفی سمیۆنیچ. بەپێچەوانەوە، ئیڤان ماتڤیتیچ بەوپەڕی شەیداییەوە ئارەزووی بەدەستهێنانی ئامۆژگارییەکانی تۆ بوو؛ شەیدای ڕێنماییەکانتانە و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ئەپاڕایەوە لێم، تا داواتان لێ بکەم ڕێنماییمان بکەیت."

"ئمم! کەواتە بەم شێوەیە، بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە! ئەم فرمێسکانە، فرمێسکی تیمساحین و مرۆ ناتوانێت بەتەواوی بڕوا بەو جۆرە فرمێسکانە بکات. پێم بڵێ، بە چ پارەیەک ئەیویست گەشت بکات بۆ ئەوروپا؟ ئەی چۆن بۆی لوا بڕوات؟ ئەو خۆ هیچ دەرامەتێکی تایبەتی نییە!"

بە غەمگینییەوە وەڵامم دایەوە:

"بەخششی چەند مانگی مووچەکەی پاشەکەوت کردبوو. تەنها ئەیویست بۆ ماوەی سێ مانگێک بچێت بۆ سویسرا... بەرەو خاکی ویلیام تێل."

"ویلیام تێل؟ ئمممم!"

"ئەیویست ئەم بەهارە لە ناپۆلی بەسەر بەرێت و بۆ دیدەنی مۆزەخانەکان و گیاندارەکان بڕوات و ئاشنایی پەیدا بکات لەگەڵ نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شوێنانە."

"ئمممم! گیانداران! وا بۆی دەچم ئەمەی بەس بۆ

Scanned by CamScanner

خۆهەڵکێشان و بەخۆدانازین کردبێت. چ گیاندارانێک؟ بۆ مەگەر بەپێی پێویست گیاندار لە وڵاتی خۆمان بوونی نییە؟ لە وڵاتەکەی خۆمان مۆزەخانە هەیە، پێشانگەی ئاژەڵانمان هەیە. حوشترمان هەیە، ورچمان هەیە کە لە نزیکی پترسبۆرگە! ئێستاش فەرموو، چۆتە ناو ورگی تیمساحێکەوە."

"ئاهـ.. تیمۆفی سمیۆنیچ، بەزەییت هەبێت! ئەو پیاوە لە کێشەدایە، داوای هاوکاریی لە ئێوە کردووە، وەک هاوڕێیەک هاوکاری بکەن، لە خزمێکی دووری خۆی داوای ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردووە، کەچی تۆش هەر خەریکی لۆمەکردنیت. هیچ نەبێت بەزەییتان بە ئیلینا ئیڤانۆڤنای بێچارەدا بێتەوە!"

تیمۆفی سمیۆنیچ کە ناوی ئیلینای بیست، نەرم بوو و برنووتییەکەی بە حەزێکی زۆرەوە بۆن کرد و وتی:

"ئێوە باسی خێزانەکەی ئەو دەکەن؟ باسی خاتوونێکی دڵرفێن و وردیلە، کە زۆر سەرنجڕاکێش و خڕپنە و بەتایبەتی ئەو کاتانە زۆر سەرنجڕاکێشتر دەر دەکەوێت، کاتێک سەرە بچکۆلانە و جوانەکەی بە لایەکدا دەخات... بەڕێکەوت ئاندری ئۆسیپیچ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر باسی ئەوی دەکرد."

"باسی ئەوی دەکرد؟"

Scanned by CamScanner

"بەڵی باسی ئەوی دەکرد بە وشەگەلیکی زۆر وروووژێنەر دەیگوت، لەو سینە و مەمکەی، لەو چاوانەی، لەو پرچە جوانەی... لەو لەشە شەکەرییەی، ئەیوت، ئەوە ئافرەت نییە...

"پاشان تیمۆفی سمیۆنیچ پێکەنی. درێژەی بە قسەکانی دا:

"بلێین چی، ئاندری ئوسیپچ هێشتا گەنجە و دڵی تەڕە."

تیمۆفی سمیۆنیچ سەری بەرز کردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە دەنگێکی بەرز لە کونەلووتەکانییەوە هەناسەکەی دایەوە و وتی:

"لەگەڵ ئەوەی هێشتا گەنجیشە، بەڵام لەم بەڕێزە بڕوانە چۆن ژیانی دەگوزەرێنێت..."

"تیمۆفی سمیۆنیچ، ئەمەی باسی دەکەیت دوورکەوتنەوەیە لە باسە سەرەکییەکەی خۆمان. ئەمە بابەتێکی ترە!"

"بێگومان. بێگومان."

"زۆر باشە، ئێستا تۆ ئەڵێی چی، تیمۆفی سمیۆنیچ؟"

"بۆچی، مەگەر من چ کارێکم لەدەست دێت؟"

"ئامۆژگاریمان بکە، ڕێنماییمان بکە، وەک مرۆڤێکی

Scanned by CamScanner

خاوەنئەزموون، وەک ئاسیاویک! پیمان بڵی پیویستە چی بکەین؟ چ هەنگاویک پیویستە بنیین؟ بچین بۆ لای کاربەدەستانی دەوڵەت و...”

تیمۆفی سمیۆنیچ هەر گویی لەم وشەیە بوو، بەپەلە وتی:

”بۆ لای کاربەدەستانی دەوڵەت؟ هەر بیریشی لی نەکەنەوە. ئەگەر ئامۆژگاریی منتان دەویت، باشترە پیش ئەوەی هەر هەنگاویک بنین، نەهیڵن کەس بەم کیشەیە بزانیت و هیچ کاریکی هەڵەشانە نەکەین و بابەتەکە لەنیوان خۆماندا بهیڵدریتەوە. ئەمە ڕووداویکی گوماناوی و نەزانراوە. سەرباری هەمووی، پیشتر لەم جۆرە ڕووداوە ڕووی نەداوە و ئاسان نییە، پیشبینیکردن و لەبەرچاوگرتنی چارەسەری پیشوەختە... بۆیە باشترە زۆر بەوریایی و بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کیشەیەدا بکریت... لیگەڕین با ماوەیەکی کەم لەویدا ڕاکشیت. ئەبیت ئارام بگرین و چاوەڕی بین بزانین چی ڕوو دەدات.”

”بەلام تیمۆفی سمیۆنیچ، چۆن دەکریت ئیمە ئارام بگرین و لە چاوەڕوانیدا بمینینەوە، ئەی ئەگەر ئەو بەدبەختە لەناو سکی ئەو تیمساحەدا خنکا، چی بکەین؟”

”بەلام بۆچی ئەخنکیت؟ ئەی خۆت بە منت نەوت کە وتوویەتی جیگەکەی گەرم و نەرمە؟”

Scanned by CamScanner

سەرلەنوێ سەرلەبەری چیرۆکەکەم لە نوکەوە بۆ گێڕایەوە. تیمۆفی سمیۆنیچ کەوتەوە ناو دەریای قووڵی بیرکردنەوە. لە کاتێکا قووتووی بڕنووتییەکەی لەناو دەستەکانیدا هەڵدەسووڕاند، وتی:

"ئمممم! بە بڕوای من، ئەگەر لەبری ڕۆشتن بۆ ئەوروپا ماوەیەک لەوێدا ڕابکشێت، خراپ نییە. بهێڵن با لەوێ بۆ خۆی ئاسوودە بێت. بەدڵنیاییەوە نابێت بخنکێت، ئەبێت ئەویش کارێک بکات، تا بەسەلامەتی بمێنێتەوە. بۆ نموونە، ڕێگری لەوە بکات، کە تووشی کۆکە و ئەم شتانە ببێت... سەبارەت بە کابرای ئەڵمانیش، کە ئەمەیان ڕای خۆمە، ئەو لەسەر حەقە، چونکە ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەیەکی ترەوە لە ڕووداوەکە بڕوانین، ئەبینین لایەنی یەکەم، ئەڵمانییەکە، خاوەنمافە بەسەر لایەنی دووەم، کە ئیڤان ماتفیتیچە. چونکە لایەنی دووەم بەبێ وەرگرتنی ڕووخسەت، چۆتە ناو سکی تیمساحەکەوە! کابرای ئەڵمانی خۆ بەزۆر ئیڤان ماتفیتیچی فڕێ نەداوەتە ناو سکی تیمساحەکەوە. تا ئەو جێگەیەی من بیرم بێت، ئیڤان ماتفیتیچ تیمساحی نییە. لەبەر ئەوەی تیمساح موڵکێکی تایبەتی و کەسییە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە، کە بەبێ قەرەبووکردنی نرخی تیمساحەکە، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک ورگی تیمساحەکە هەڵبدڕێنرێت."

Scanned by CamScanner

"بەلام تیمۆفی سمیۆنیچ، ئەمە پەیوەندیی بە ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤێکەوە هەیە!"

"ئاه زۆر باشە، ئەمە کاری پۆلیسە. پێویستە لەسەرت بچیت بۆ لای پۆلیس."

"بەلام ڕەنگە لە شوێنی کارەکەی، واتە بەڕێوەبەرایەتییەکەی، پێویستیان پێی بێت. ڕەنگە داوای بکەن."

"پێویستیان بە ئیڤان ماتڤیتیچ بێت؟ ها.. ها...! جاری پێش هەموو شتێک، ئەو لە پشوودایە و ئەتوانرێت ئامادەنەبوونی ئەو بەو هۆکارە لە بەرچاو بگیرێت. لێی گەڕێن با ولاتانی ئەورووپی بگەڕێت! هەرکات پشووەکەی تەواو بوو و دەر نەکەوت، ئەوکات ئێمەش بەشوێنیدا دەگەڕێین!"

"سێ مانگ لەناو سکی تیمساحەکەدا بمێنێتەوە؟ تیمۆفی سمیۆنیچ بەزەییتان هەبێت!"

"خەتای خۆی بوو، کەس ئەوی بەزۆر فڕێ نەداوەتە ئەوێ. لەم قۆناغەدا، دەبێت ئێمە پەرستارێکی بۆ بدۆزینەوە، تا لەسەر خەرجیی دەولەت چاودێریی بکات. بەلام کێشەکە لەوەدایە، ئەم بابەتە لە یاسادا ڕێی پێ نەدراوە. بەلام ئەو شتەی پێویستە پێش هەموو شتێک لە بەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە تیمساحەکە مولکی تایبەتییە

Scanned by CamScanner

و ئەمەش لە بنەما ئابوورییەکاندا جێگەی خۆی هەیە، بنەماکانی ئابوریش لە سەروو هەموو شتێکەوەیە. هەر چەند شەوێک لەمەوبەر بوو لە ماڵی (لوک ئاندریچ)، (ئیگناتی پرۆکۆفیچ) سەبارەت بە زانستی ئابووری ئەم قسەیەی دەکرد. ئێوە ئیگناتی پرۆکۆفیچ دەناسن؟ ئەو سەرمایەدارێکی گەورەیە و قسەکەرێکی زۆر باشیشە. ئەو دەیوت، (ئێمە پێویستمان بە پێشکەوتنی پیشەسازی هەیە، چونکە تا ئێستا ئێمە پێشکەوتنێکی وەهامان بەدەست نەهێناوە لە ڕووی پیشەسازییەوە، بۆیە پێویست دەکات ئێمە ئەم پێشکەوتنە بەدی بهێنین، ئەمەش لە ڕێگەی سەرمایەدارییەوە دەبێت. پێویستە چینی ناوەند دروست بکەین، کە ناو دەبرێت بە (بۆرژوازی). بەڵام بە هۆی ئەوەی سەرمایەمان نییە، لەبەر ئەم هۆکارە دەبێت ئەو سەرمایەیە لە دەرەوە هاوردە بکەین. ئەبێت لە هەنگاوی یەکەمدا کارئاسانی بۆ کۆمپانیا دەرەکییەکان بکەین، تا بتوانن لە ڕووسیا زەوی بکڕن، هەر وەک چۆن لە زۆربەی وڵاتانی تر ئەم ئاسانکارییە دەکرێت. موڵکدارێتی گشتی ژەهرێکی کووشندەیە، دارمانێکی گەورەیە، هۆکاری لەناوچوونی ڕووسیایە!) ئەزانی ئیگناتی پرۆکۆفیچ بە جۆشوخرۆشێکی زۆرەوە قسەی دەکرد و مافی خۆشی بوو کە بەو شێوەیە قسە بکات، چونکە ئەو مرۆڤێکی دەوڵەمەندە و لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانبەری دەوڵەتیش

Scanned by CamScanner

نییە. ئیگناتی دەیوت، (لە سیستەمی هاوبەشیتیدا، نە پیشەسازی پیشکەوتن بەدەست دەهێنێت نە کشتوکالیش.)
ئەو دەیوت کۆمپانیا بیانییەکان هەموو زەوییەکانمان بە شێوەی پارچەی گەورە گەورە بکڕن و پاشان ئەو پارچە گەورانە دابەش بکەن بۆ پارچەی بچووک بچووک، بەمەش لە مولکی هاوبەش و کۆمەڵەوە ئەبێت بە مولکی تاک. ئەزانیت، وشەی "دابەشکردن"ی زۆر بە خرۆشان و دانپێدانانێکی توندەوە دەگوت. ئەگەر قایل نەبووین بە فرۆشتنی زەوییەکانیشمان، ئەوە ئەتوانین بیاندەین بە کرێ. ئەمەشی خستە سەر قسەکانی و وتی، (هەرکاتێک سەرجەم زەوییەکانمان کەوتە دەست کۆمپانیا دەرەکییەکان، ئەو کاتە بەشی جووتیار بەئاسانی جیا دەکرێتەوە، بەم شێوەیە جووتیار لەسەری پێویست دەبێت کار بکات بۆ ئەوەی بژێوی خۆی بەدەست بهێنێت، دەشتوانرێت لەسەر ئەو زەوییە دەر بکرێت، ئەگەر پێویستی کرد. بۆیە هەرکات جووتیار هەستی بە بوونی ئەم مەترسییە کرد، ئەوکات ئەویش زیاتر ڕێزی مولکەکە دەگرێت و زیاتر گوێڕایەڵ دەبێت، ئەوکات - سێ بەرامبەری پێشووتری کار دەکات و سێ - بەرامبەری جارانیش بەرهەمی زیا دەکات. بەڵام ئێستا کە هەست دەکات بەشێکە لە کۆمەڵ، هەموو شتێک بە چاوی سووک سەیر دەکات و گاڵتەی بە هەموو شتێک دێت. دەزانیت

Scanned by CamScanner

ئەگەر بەباشیش کار نەکات ئەوا نامریت لە برسا، بۆیە دەبینین کە هەموویان تەمەڵ و تەوەزەڵن و هەمیشە سەرخۆشن. بەڵام بەم ڕێگە نوێیە سەرمایەکە دێتە ناو ڕووسیا، بەم شێوەیەش سەرمایەداری دروست دەبێت و بورژوازییەتیش گەشە دەکات.)' لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا ڕۆژنامەی "تایمز"ی سیاسی و ئەدەبیی ئینگلیز، لە ستوونێکیدا وتارێکی سەبارەت بە بارودۆخی داراییی ڕووسیا نووسیبوو و ئاماژەی بەوە کردبوو؛ هۆکاری ئەوەی ئەم بارودۆخە داراییەی ڕووسیا جێگەی ڕەزامەندی نییە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕووسیادا چینی ناوەند و سەروەتی زەبەلاح و چینی کرێکاری گونجاو بوونی نییە!

ئیگناتی پرۆکۆفیچ زۆر بەجوانی قسە دەکات. ئەو بەڕاستی وتاربێژێکی بەتوانایە. لە بەرنامەیدایە کە ڕاپۆرتێک سەبارەت بەم بابەتە بۆ سەرووی خۆی بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە ڕۆژنامەکانیش بۆی بڵاو بکەنەوە."

کاتێک تریمۆفی سمیۆنیچ ئەم قسانەی کرد، بۆم دەر کەوت تەواو جیاوازە لەو قسە شاعیرییانەی ئیڤان ماتڤیتیچ سەبارەت بەم کابرایە پێی وتم.

Scanned by CamScanner

زۆربێژییەکەی پیرەپیاوم بڕی و وتم:

"بەڵام ئەی چارەنووسی ئیڤان ماتڤیتیچ بە کوێ دەگات؟"

تیمۆفی سمیۆنیچ کاتێک دەستی بە ئاخاوتن دەکرد، ئەیسەلماند کە لە کاروانی ڕۆژگار بەجێ نەماوە و بەڵکوو ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەکانیشە.

"سەبارەت بە چارەنووسی ئیڤان ماتڤیتیچ؟ بێگومان ئەچمە سەر ئەوەش. لەکوێدا بووین...؟ ئا، بیرم کەوتەوە، باسی ئەوەم دەکرد کە ئێمە ئارەزووی هێنانەناوەوەی سەرمایە دەکەین بۆ ناو وڵاتی خۆمان. ئەم بابەتە لەگەڵ ئەم ڕووداوەی ئیڤان ماتڤیتچ هەڵدەسەنگێنم؛ سەرمایەیەکی دەرەکی (تیمساح)ێک هێنراوەتە پترسبۆرگ، ئیڤان ماتڤیتیچیش نرخی ئەم سەرمایەیەی دووبەرامبەر کردووە. ئێمە لەبری پارێزگاریکردن لەو سەرمایەدارە بیانییە، کەچی پێشنیاری ئەوە دەکەین ورگی سەرمایە بنەڕەتییەکە، کە تیمساحەکەیە، هەڵبدڕین. ئایا ئەمە کارێکی ژیرانەیە؟ بە بیرکردنەوەی من، ئیڤان ماتڤیتیچ وەک کوڕی ڕاستی نیشتمانەکەی خۆی، ئەبێت شادمان و سەرفراز بێت و شانازی بە خۆیەوە بکات، چونکە بە هۆی ئەوەوە، نرخی تیمساحێکی دەرەکی دووقات یان تەنانەت سێقاتیش بەرز بووەتەوە. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە،

Scanned by CamScanner

کە وا دەکات سەرمایە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. ئەگەر یەک کەس لەم کارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بابەتەک گرنگیی زیاتر پەیدا دەکات و یەکێکی تریش چاو لەو دەکات و بە تیمساحێکی ترەوە ڕوو لە ڕووسیا دەکات. پاشان سێیەمیش چاو لەوان دەکات و ڕەنگە دوو یان سێ تیمساح بە یەک جار لەگەڵ خۆیا بۆ ڕووسیا بهێنێت و ئا بەم شێوەیە سەرمایە گەشە دەکات. بەم جۆرە ئەبێتە خاوەنی بۆرژوازییەتیش. ئەبێت ئەم کارە پاڵپشتی بکرێت."

هاوارم کرد، وتم:

"تیمۆفی سمیۆنیچ، تۆ ئەتەوێت ئیڤان ماتڤیتیچی داماو، قوربانییەک بە خۆی بدات، کە لە سەروو توانای مرۆڤەوەیە!"

"من وەها کارێکم لەو نەخواستووە، داوا لە تۆش ئەکەم پێش هەموو شتێک، هەر وەک پێشتریش پێم وتن، لەبیرتان بێت من بەرپرسێکی دەوڵەت نیم و ناشتوانم داوای هیچ شتێک لە هیچ کەسێک بکەم. من تەنها وەک کوڕێکی ئەم نیشتمانە قسە ئەکەم، نەک وەک کوڕی باوکی ئەم نیشتمانە، تەنها وەک کوڕێکی ئەم نیشتمانە قسە ئەکەم. دووبارە لێت ئەپرسمەوە، چی بووە هۆکاری ئەوەی خۆی فڕێ بداتە ناو ورگی تیمساحەکەوە؟ ئایا پیاوێکی بەڕێز و خانەدان و خاوەن پێشینەیەکی باش

Scanned by CamScanner

و ژیانی ژن و میردایەتی بە یاسایی پێک هێنابێت، بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات؟ ئایا بەڕاست، ئەمە کارێکی ژیرانەیە پێی هەستاوە؟"

"بەڵام ئەمە بەدەست خۆی نەبوو، ئەمە کارەساتە و بەسەریدا هاتووە."

"کێ نالێت کاری خۆی نەبووە؟ دوای ئەوەش، لەکوێوە پارە بهێنین تا قەرەبووی کابرای خاوەن تیمساح بکەینەوە؟"

"تیمۆفی سمیۆنیچ، تۆ بڵێی نەتوانین لە موچەکەی ئەو پارەیە دابین بکەین؟"

"ئنجا ئەو پارەی موچەیە بەش دەکات؟"

بە غەمگینییەوە وەڵامم دایەوە:

"نا، ئەو بڕەپارەیە بەش ناکات، تیمۆفی سمیۆنیچ، خاوەنی تیمساحەکە لە سەرەتای ڕووداوەکەدا لەوە دەترسا، کە تیمساحەکەی بتەقێت، بەڵام لە دواییدا کە بۆی دەر کەوت هەموو شتێک باشە، لە خۆشیدا خەنی بوو، چونکە ئەیتوانی نرخی هاتنەژوورەوە بۆ خانەی تیمساحەکە دووقات زیاد بکات."

"سیقات و ڕەنگە چوارقاتیش! ئێستا خەڵکی بۆ بینینی تیمساحەکە خرۆشاون و بەکۆمەڵ هێرش ئەبەن بەرەو گەلەرییەکە، بۆ بینینی تیمساحەکە، خاوەنانی تیمساحەکەش

Scanned by CamScanner

مرۆگەلیکی زۆر ژیرن. لەگەڵ ئەوەشدا، هیشتا چل ڕۆژەی بەڕۆژووبوون بۆ مەسیح ماویەتی و لەبەر ئەمە، جاری خەڵک هەر مەیلی لە ڕابواردن و کەیف و شادییە. لەبەر ئەم هۆکارە، سەرلەنوێ قسەکانی پیشووم دووبارە دەکەمەوە، کە باشترین کار ئەوەیە، ئیڤان ماتڤیتیچ ئاشکرا نەکردنی خۆی بپاریزیت و پەلە نەکات. ڕێ بدەن هەمووان وا بزانن ئەو لەناو ورگی تیمساحەکەدایە، بەلام ئەم شتە بە فەرمی لای کەس ئاشکرا مەکەن. لەبەر ئەوەی ئیڤان ماتڤیتیچ بارودۆخی باشە، بۆیە هەمووان پییان وا دەبیت کە ڕۆشتووە بۆ ئەوروپا، بەلام خۆی دەڵیت لەناو سکی تیمساحەکەدایە، ئیمەش خۆمان وا نیشان دەدەین، کە باوەڕمان بە قسەکەی نییە و قسەکەی پەسەند ناکەین. ئەبیت کارەکە بەم جۆرە ئەنجام بدریت. باشترین شت ئەوەیە، کە چاوەڕێ بین؛ لە ڕاستیدا بۆچی ئەبیت ئیڤان ماتڤیتیچ پەلەی بیت؟"

"زۆر باشە، بەلام ئەگەر..."

"خۆت نیگەران مەکە، ئیڤان ماتڤیتیچ لەشولاریکی باشی هەیە!"

"زۆر باشە، ئەی دوای ئەوە چی؟ هەتا کەی ئەبیت چاوەڕوان بیت؟"

لیت ناشارمەوە و ڕاستیت پی بلیم، ئەم بابەتە زۆر

Scanned by CamScanner

سەیرە و مرۆڤ نازانێت چی بکات و بیر لە چی بکاتەوە، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە، کە تا ئێستا هاوشێوەی ئەم ڕووداوە نەبینراوە. ئەگەر پێشتر ئەمە ڕووی بدایە، ڕەنگە ئەوکات چارەسەرێک هەبووایە لە بەردەستماندا. بەڵام لەم دۆخەدا، نازانم چی بڵێم؟ بەدڵنیاییەوە بە تێپەڕینی کات، ڕێگەچارەیەکیش ئەدۆزرێتەوە!"

لەو کاتەدا بیرۆکەیەکی دڵخۆشکەرانە بروسکەئاسا هات بە مێشکما و بیری ڕووناک کردمەوە و وتم:

"ئەگەر چارەنووس ڕێ بدات ئەو بەزیندوویی لەناو سکی تیمساحەکەدا بمێنێتەوە، ئایا ناتوانین ئامادەکارییەکی وا بکەین، کە سکاڵانامەیەک بنووسێت، کە هێشتا هەر خەریکی خزمەتکردنە بە دەوڵەت؟"

"ئمم...! ڕەنگە بتوانرێت پشووی بێمووچە داوا بکات!"

"ئەی ناکرێت پشووەکەی مووچەشی لەگەڵدا بێت؟"

"لەسەر چ بنەمایەک؟"

"وەک ئەوەی نێردرابێت بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی تایبەتی!"

"بۆ چ ئەرکێک و لە چ شوێنێکیش؟"

"ئەرکی لێکۆڵینەوە لە تیمساح و چوونەناو ورگی تیمساح و پشکنینی... کە دەتوانین بڵێین، سەرقاڵی

Scanned by CamScanner

دۆزینەوە و پشکنینین و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی تیمساحە. بەدڵنیاییەوە شتێکی نوێ دەبێت، هەروەها پیشکەوتنخوازانەش دەبێت و لە هەمان کاتیشا نیشاندانی حەزێکی ڕۆشنبیرانەیە."

پێشنیارەکەم بۆ ساتێک تیمۆفی سمیۆنیچی خستە ناو گێژاوی بیرکردنەوەوە. دواجار کەوتەوە قسەکردن و وتی:

"بە بڕوای من، ناردنی کارگێڕێکی تایبەتی بۆ ناو لاشەی تیمساحێک و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم گیاندارە، کارێکی بێسوودە، چونکە ئەمە لە پەیڕەودا بوونی نییە. جگە لەوەش، ئەبێت چ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەناو سکی تیمساحدا بکرێت؟"

"خوێندنەوەیەکی زانستی و سروشتییانە بۆ گیاندارێکی زیندوو لە نزیکەوە. لەم سەردەمەدا، زانستی سروشتی زۆر جێگەی سەرنجە... ئەو دەتوانێت لەوێدا بژی و ئەوەی دەیبینێت بیکات بە ڕاپۆرت... بۆ نموونە، دەربارەی چۆنێتی هەرسکردن یان هەر خوویەکی سادە، یاخود لەبەر خاتری کۆکردنەوەی ڕاستییەکان."

"مەبەستت ئەوەیە وەک ئامار. چاکە، بەڵام من لەم بابەتە زۆر سەرم لێی دەر ناچێت، ڕاستیت بوێت، من ئەسڵەن فەیلەسوف نیم. تۆ دەڵێیت 'ڕاستی' ئێمە بەڕاستی چواردەورمان تەنراوە و ناشزانین چی لەو ڕاستییانە

Scanned by CamScanner

بکەین. لەگەل ئەوەشدا، ئامار ترسناکە."

"لە چ ڕوویەکەوە؟"

"هەمووی ترسناکە. سەرەڕای ئەوەش، ئایا خودی خۆت باوەڕ بەوە دەکەیت، کە ئەو بتوانێت ڕاستییەکان ڕابگەیەنێت، لە کاتێکدا وەک کوتەرەدارێک ڕاکشابێت. ئایا کەسێک ئەتوانێت ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، لە کاتێکدا وەک کوتەرەدار لێی ڕاکشابێت؟ ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێت بە شتێکی نوێتر و مەترسیشی لەوەی یەکەم زیاتر دەبێت؛ دووبارە پێتان ڕادەگەیەنمەوە، کە ئەم ڕووداوە پێشتر ڕووی نەداوە و ئەگەر ڕووی بدایە، بێ هیچ گومانێک ڕێک ئەم ئەرکەیان بەو دەسپارد!"

"بەلام تیمۆفی سمیۆنیچ، تا ئیستا تیمساحی زیندوو نەهێنراوەتە ڕووسیا."

دووبارە بەرپەرچی دامەوە:

"ئمممم...! بەلێ. بەرهەلستییەکەی تۆ بەجێیە، هەلبەت ئەگەر حەز بکەیت، بەڕاستیش بەشوێن بابەتەکەوە بیت، ئەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگریت، کە لە ڕوویەکی ترەوە بە هاتنەناوەوەی تیمساحگەلێکی زیندوو بۆ ناو ڕووسیا، ئەبێتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرانی کارگێڕیی دەولەت یەک لەدوای یەک دیار نەمێنن. لەبەر ئەوەی ناو سکی تیمساحەکە گەرم و نەرمە، بۆیە هەموویان داوای مانەوە

Scanned by CamScanner

ئەکەن لەسەر کارەکەیان! ئەمە لە کاتێکدا جێگەی خۆیان خۆش کردووە و تەممەڵخانەیەکی باشیان دۆزیوەتەوە بۆ خۆیان... ئەبێت ئێوە ئەوەتان پەسەند بێت، کە ئەم کارە، ئاکامی باش نابێت و ئەبێتە نموونەیەکی خراپ، چونکە هەمووان بێ ئەوەی هیچ کارێک بەئەنجام بگەیەنن، داوای مووچەی خۆڕاییش لە دەوڵەت دەکەن!"

"تیمۆفی سمیۆنیچ، چیتان لەدەست دێت بۆ ڕزگارکردنی، تکایە دریغی مەکەن لە کردنی، شتێکی تریش، ئیڤان ماتڤیتیچ داوای لێ کردم ئەو حەوت ڕۆبڵەتان بۆ بگێڕمەوە، کە دوایین جار لە یاریی کاغەزدا پێی دۆڕاندبوون."

ئاها لە ماڵی نیکیفۆر نیکیفۆریچ پێی دۆڕاندم. ئێستا بیرم کەوتەوە، چەند بەکەیف و دڵخۆش بوو... بەڵام ئێستا!

پیرە پیاو تۆزێک بێتاقەت بوو، هەستم کرد بەزەییی بە ئیڤان ماتڤیتیچدا ئەهاتەوە.

"تیمۆفی سمیۆنیچ لەبەر خاتری ئەو هاوڕێیەتییەتان یارمەتی بدەن."

"من تەواوی توانای خۆم ئەخەمە گەڕ بۆ یارمەتیدانی. من بەناوی خۆمەوە قسە دەکەم، وەک کەسێکی نهێنیش زانیاری کۆ دەکەمەوە. لە هەمان کاتا، ئێوەش بە شێوەیەکی

Scanned by CamScanner

ناڕاستەوخۆ و نافەرمی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەن و بزانن خاوەنی تیمساحەکە لە قەرەبووی هەڵدڕینی ورگی تیمساحەکەی، چەندێکی دەوێت؟"

تیمۆفی سمیۆنیچ لەپڕ زۆر هاوڕێیانە قسەی دەکرد، منیش وەڵامم دایەوە!

"بەدڵنیاییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەم و یەکسەر ئەشگەڕێمەوە بۆ لاتان، تا ئەنجامی کارەکەتان پێ ڕابگەیەنم!"

ئەی خێزانەکەی... ئایا تەنیایە ئێستا؟ ئایا دڵتەنگ و غەمگینە؟"

"پێویستە سەردانێکی بکەن، تیمۆفی سمیۆنیچ!""

"بێگومان سەردانی ئەکەم. خۆشم هەمان نیازم هەبوو. دەرفەتێکی باشە... ئەبێت چ شتێک لەم دنیایەدا بووبێت بە هۆکاری ئەوەی بچێت بۆ تەماشاکردنی تیمساحەکە، هەرچەندە خودی خۆشم بە خراپی نازانم، کە تیمساحەکە ببینم.

"تیمۆفی سمیۆنیچ، بڕۆ و ئەو هاوڕێ داماوەت ببینە."

"بەدڵنیاییەوە ئەم کارە دەکەم، بەڵام دڵم نایەت بە بینینی من ئومێدەوار بێت. هەر لەبەر ئەمە، بە شێوەیەکی نەناسراو بۆ ئەو شوێنە ئەڕۆم... زۆر باشە، خودات لەگەڵ. من دووبارە سەرێک ئەیەمەوە لە ماڵی نیکیفۆر

Scanned by CamScanner

نیکیفۆریچ. ئایا تۆ نایەیت لەگەڵما؟"

"نا، من ئەچم بۆ بینینی ئەو بەندییە هەژارە."

"بەڵێ، ئێستا ئەو بەندییە...! ئاهـ ئا ئەمەیە ئەنجامی بێمێشکی و بیرنەکردنەوە!"

ماڵئاواییم لە پیرەپیاو کرد. بیری جۆراوجۆر لە مێشکما ئەهات و ئەچوو. تیمۆفی سمیۆنیچ مرۆیەکی خۆشخولق و زۆریش ڕاستگۆ بوو. کاتێک کە بەجێم هێشت، خۆشحاڵ بووم کە ئاهەنگی پەنجاهەمین ساڵیادی خزمەتکردنی خۆی دەگێڕێت، چونکە مرۆڤانیکی هاوشێوەی ئەو، لەناو ئێمەدا نموونەیان دەگمەنە. خێرا و بێ دواکەوتن خۆم گەیاندە گەلەرییەکە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو هەواڵانە بۆ ئیڤان ماتڤێتیچی بەدبەخت بگێڕمەوە. بەڵام ڕاستیتان بوێت، مەراقی ئەوە لێی دابووم، کە چۆن لەناو سکی ئەو تیمساحەدا ڕۆژەکانی بەڕێ دەکات و چۆن دەتوانێت بژی. ئایا هەر بەڕاستی ئەتوانرێت لەناو سکی تیمساحێکدا بژی؟ بەڕاستی لەو کاتەدا هەموو شتێک بۆ من وەک خەیاڵێکی نائاسایی ئەهاتە پێش چاو، وەک کابوسێکی ناخۆش، بە تایبەتی ئەو کاتەی لە کابوسەکەتدا دەعبایەک لێت ئەبێت بە هەموو شتێک.

Scanned by CamScanner

(٣)

ئەوەی کە ئەمبینی، خەون نەبوو. بەڵکو ڕاستییەکی بێ چەنوچوون بوو. چونکە ئەگەر ڕاستی نەبووایە، ئایا ئەمتوانی هەر لەخۆمەوە ئەم چیرۆکە دروست بکەم و بیگێڕمەوە؟ بە هەرحاڵ، بەردەوام ئەبم لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

کات درەنگی کردبوو. دەوروبەری کاتژمێر نۆ بوو، کە گەیشتمەوە گەلەرییەکە. لەبەر ئەوەی ئەو ئێوارەیە کابرای ئەڵمانی زووتر لە کاتی ئاسایی خۆی دەرگای دوکانەکەی داخستبوو، ناچار لە دەرگای پشتەوە خۆم کرد بە ژووری تیمساحەکەدا. کابرای ئەڵمانی لە خەڵوەتی تەنیاییی خۆی، لە کاتێکا کەوا چڵکن و کۆنەکەی لەبەردا بوو، خەریکی پیاسەکردن بوو. بەڵام وا دەر دەکەوت سێهێندەی بەیانی دڵخۆشتر بێت. ئاشکرا ئێستا نیگەرانی هیچ شتێک نەبوو، چونکە حەشامەتێکی "زۆر زیاتر" لە خەڵکی هاتبوون بۆ بینینی تیمساحەکە. دواتر دایە خۆی

Scanned by CamScanner

کرد بە ژوورەوەدا، ئاشکرا بوو، بۆ ئەوەی چاویکی لەسەرم بێت. لەگەڵ ئەوەی دەرگای گەلەرەییەکەش داخرابوو، کەچی بیستوپێنج کوپیکیان بۆ هاتنەژوورەوە لێ سەندم. چەند ورد بوون لە پارەوەرگرتنا!

کابرای ئەڵمانی لێم نزیک بووەوە و پێی وتم:

"تۆ هەموو جارێک نرخی هاتنە ژوورەوە بدەیت؛ خەلکی تر یەک ڕۆبل، تۆ بیستوپێنج کوپیک دەدەیت؛ لەبەر ئەوەی ئێوە هاوڕێی باش بۆ هاوڕێ باشەکەتان؛ منیش ڕێز لە هاوڕێ..."

گوێم بۆ تەواوکردنی قسەکانی نەگرت و لە تیمساحەکە نزیک بوومەوە. بە جۆرێک هاوارم کرد، کە ئیڤان ماتڤێیچ لە دوورەوە گوێبیستی دەنگم بێت و بزانێت من لێرەم!

"تۆ زیندوویت؟ تۆ زیندوویت، هاوڕێ ڕۆشنبیرەکەم؟"

"زیندوم و بارودۆخیشم زۆر باشە!"

لەگەڵ ئەوەی لە نزیکیشییەوە وەستابووم، بەڵام وەک ئەوە بوو دەنگی لە دوورەوە یان لەژێر تەختەخەوەوە بێت.

"زیندووم و بارودۆخیشم زۆر باشە! بەس چاکی و خۆشی هەڵگرە بۆ دوایی... پێم بڵێ بزانم چیت کرد؟"

وا خۆم دەر خست، کە گوێم لە پرسیارەکەی

Scanned by CamScanner

نەبووبێت، بۆیە بەخێرایی و دڵپیسووتانیکەوە بە هەستێک پڕ لە بەزەیی پرسیارم لێ کرد، کە بارودۆخی چۆنە و چ هەستێکی هەیە لەناو سکی تیمساحەکەدا؟ لە ڕاستیدا پرسیارلیکردنی ئەو لەم بارەیەوە، هیچ نەبوو جگە لە ئەرکێک لە ئەرکەکانی هاوڕێیەتی، ئەمە ئەرکێکی ئاکاری بوو، کە دەبوو پێی هەڵسابام. بەڵام ئیڤان ماتڤێتچ بەبێزاری و نائارامییەوە قسەکەی بڕیم و بە هاوارێکی هەژێنەر و بەرزەوە، کە هەمیشە بەو شێوەیە بانگی لێ دەکردم، وتی:

"شتەکان چۆن ئەڕۆنە پێشەوە؟"

تەواوی گفتوگۆکەی نیوان خۆم و تیمۆفی سمیۆنیچم مووبەموو بۆ گێڕایەوە، لە کاتی گێڕانەوەکەمدا، هەوڵم دا دەنگم وا لێ بکەم کە هەست بە جاڕزیم بکات. ئیڤان ماتڤێتچ هەر وەک هەموو جارێک کە قسەی لەگەڵ دەکردم، بەخێرایی وتی:

"پیرەپیاو هەرچییەکی وتووە، ڕاستی وتووە. من پیاوی کردەنیم زۆر خۆش ئەوێت و بەپێچەوانەوە، پیاوی بوودەڵە و سەرژنانیم خۆش ناوێت. من ئامادەم پێشنیارەکەی تۆ سەبارەت بە ئەرکە تایبەتییەکە پەسەند بکەم، چونکە بیرۆکەیەکی خراپ نییە. بێ هیچ گومانێک، ئەتوانم لێرەوە ڕاپۆرت لەسەر هەردوو بابەتەکە، زانستی

Scanned by CamScanner

و ئاکاریش، بخەمە بەرچاو. بەلام ئیستا بارودۆخێکی نوێ و دوورلەچاوەڕوانی هاتوتە پێش، کە هیچ نیگەرانییەک سەبارەت بە مووچەی مانگانەکە ناهێڵێتەوە، لە ڕاستیدا مووچەکە هەر کێشە نابێت بیدەن یان نەیدەن. باش گوێ بگرە، ئایا لەسەر زەوی دانیشتوویت؟"

"نا. بەپێوە وەستاوم."

"ئەگەر هیچی لێ نییە لەسەری دانیشیت، ئەوە لەسەر عەردەکە دانیشە و زۆر بەوردی گوێم لێ بگرە."

بەوپەڕی جاڕزییەوە کورسییەکم هەلگرت و بەوپەڕی تووڕەبییەوە لەسەر زەوییەکە دام نا، بە شێوەیەک کورسییەکەم یا بە ئەرزا، کە دەنگێکی زۆر بەرزی لێ بەرز بووەوە.

ئیڤان ماتڤیتیچ بە زمانێکی دیکتاتۆرانە وتی:

"گوێ بگرە، ئەمڕۆ حەشامەتێکی زۆر بۆ تەماشاکردنی تیمساحەکە هاتن، بە شێوەیەک، کە نزیکی خۆرئاوابوون دەرزیت هەلبدایە، نەئەکەوتە سەر زەوی، تەنانەت وای لێ هات پۆلیس بۆ هێمنکردنەوەی ڕەوشەکە دەستبەکار بوون. خاوەنی تیمساحەکە بە پێویستی زانی دەرگای دوکانەکەی لە کاتژمێر هەشتدا دابخات و کۆتایی بە پیشانگەکە بهێنێت، واتە زووتر لە کاتی ئاسایی خۆی، بۆ ئەوەی ئەو پارانە بژمێرێت، کە لە خەلکی وەرگرتبوو

و بتوانێت خۆشی گونجاوتر ئامادە بکات بۆ سبەینێ. بەم شێوەیە، دڵنیام کە سبەینێ پێشانگەکە ڕێکوپێکتر دەبێت و ئەتوانین وای دابنێین، کە زۆرترین خەڵکی ڕۆشنبیری پایتەخت، هەر لە خانمانی خانەدان، باڵوێزانی بیانی، پارێزەران و خەڵکی تریش لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لێرە ئامادە دەبن. لە هەمووشی گرنگتر، خەڵکی لە دوورترین ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتە گەورە و سەرنجڕاکێشەکەمانەوە بەرەو پایتەخت، واتە بەرەو ئێرە، بەڕێ دەکەون. ئەنجامەکەشی ئەوەیە، کە من ئەبم بە قیبلەی بەرچاوی هەمووان، هەرچەندە لەبەرچاوانیش نیم، بەڵام هەر وەک کەسێکی بەرجەستە و شکۆمەند ئەژمار دەکرێم. من ئەبێت خەڵکی بێکار فێر بکەم. بە ئەزموون فێر بووم، کە پێویستە من نموونەیەک بم لە شکۆداری، هەروەها ملەکەچبوویەکی چارەنووس! ئەبم بە مینبەرێک، کە لێیەوە وتەی جوان و گەورە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکرێت. مرۆڤەکان تێدەگەیەنم، کە تەنها ئەو زانیارییە زیندەوەرزانییەی لەناو سکی ئەم تیمساحە بەدەستم هێناوە، ئەوە بە هیچ نرخێک بەدەست ناهێنرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە بەداخ نیم بۆ ئەوەی کە بەسەرما هاتووە، وە پێشبینی ئەوە دەکەم کە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر ژیان و داهاتووی کارەکەشم!"

Scanned by CamScanner

به توانجەوە پرسیارم لێ کرد:

"هەست بە ماندووبوون ناکەیت؟"

ئەوەی کە منی زۆر بێزار کرد، فشەفشکردنەکەی بوو. بەلام بە خۆمم گوت، گرنگ نییە، ئەوە پەیوەندیی بە منەوە نییە. ئەم پیاوە خەڵەفاوە ئەبێت چ شتێکی لەم سەر زەوییە چنگ کەوتبێت، تا بەم شێوە شانازی بە خۆیەوە ئەکات؟ لەبری ئەوەی شانازی بە خۆیەوە بکات، ئەبووایە ئێستا بگرییایە بۆ باردۆخی خۆی.

ئیڤان ماتڤیتیچ بەتوندی وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوە:

"نەخێر! ماندوو نیم، چونکە پڕم لە بیرۆکەگەلیکی مەزن. ئێستا دەرفەتێکی باشم دەست کەوتووە، تا دەربارەی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی زۆرێک لە مرۆڤەکان بیر بکەمەوە، لەناو سکی ئەم تیمساحەدا، ڕاستی و ڕووناکیم بەسەردا ئەبارێت! بەدڵنیاییەوە، گەشە بە بیردۆزێکی نوێی ئابووری دەدەم، کە لەلایەن خۆمەوە دەبێت و شانازیشی پێوە دەکەم - کە تا ئەم ساتە بە هۆی سەرقاڵی و گیرۆدەبوون بەدەست کارە کارگێڕییەکان و خۆشگوزەرانییەکانی ژیان و چەند شتێکی هیچوپووچی ترەوە، نەمتوانیبوو کاتێکی بۆ تەرخان بکەم. من هەرچی بیردۆزەکانە، بە درۆی دەخەمەوە و ئەبێت ببم بە (فۆریە)یەکی نوێ. با لەوە گەڕێین، ئەری حەوت

Scanned by CamScanner

ڕۆبلەکەت گەڕاندەوە بۆ تیمۆفی سمیۆنیچ؟"

"بەڵی، لە گیرفانی خۆم بۆم گەڕاندەوە!"

ئەم قسەیەم بە جەختلێکردنەوەوە وت. ئەویش بە فیزێکەوە وەڵامی دامەوە:

"ئەو برەپارەیەت بۆ ئەگێڕمەوە... زۆر دڵنیام کە مووچەکەم زیاد دەکرێت، چونکە ئەگەر بۆ منی زیاد نەکەن، ئەبێت بۆ کێی زیاد بکەن؟ ئێستا گەورەترین خزمەت پێشکەش دەکەم. با بگەڕێینەوە سەر قسەکانمان. خێزانەکەم خەریکی چییە؟"

پێم وا بێت مەبەستت ئێلینا ئیڤانۆڤنایە؟"

هاواری لێ بەرز بووەوە، توند هاواری کرد:

"خێێێێزانەکەم؟"

چارەم نەبوو. سەرم داخستبوو گوێڕایەڵانە - بەڵام لە کاتێکدا لە تووڕەییدا دانەجیڕەم پێ کەوتبوو- ویستم باسی ئەوەی بۆ بکەم، کە چۆن ئێلینا ئیڤانۆڤنام بەجێ هێشت. بەڵام هێندە جیکڵدان تەنگە بوو، نەیهێشت قسەکانم بکەم، بێئارامانە وتی:

"پلانی بێوێنەم پێیە بۆ خێزانەکەم. ئەگەر من لێرە جەژن بگێرم، پێم خۆشە ئەویش لەوێ جەژن بگێڕێت. ئەگەر من ناوبانگ دەر بکەم، ئەبێت ئەویش ناوبانگ

Scanned by CamScanner

دەر بکات، چونکە خێزانی منە. فێرخوازان، شاعیران، فەیلەسوفان، کانزاناسانی بیانی و سیاسەتمەداران، هەر کە بەیانی لێرە لەگەڵ من دیداریان کرد، ئەوە شەوەکەشی سەردانی دیوەخانەکەی ئەو دەکەن. بۆیە لە هەفتەی داهاتووەوە، پێویستە ئەو هەموو ئێوارەیەک لە ماڵەوە بێت، چونکە ڕەنگە هەموو شەوێک ماڵەکەم پڕ بێت لە میوان. بە دووقاتبوونی مووچەکەشم، هۆکارەکانی میوانداریمان لە بەردەست دەبێت. لەبەر ئەوەی میوانداریییەکە تەنها پێشکەشکردنی چای دەبێت، بۆیە خزمەتکار بەکرێ ئەگرین و سوودیان لێ وەرئەگرین بۆ ئەم کارە. بێگومان هیچ کێشەیەکیشمان نابێت. ئەو کاتە هەم لێرە و هەم لەوێ، لە هەردوولا هەمووان باسم دەکەن و پیاما هەڵدەدەن. زۆر لەمێژ بوو بەشوێن دەرفەتێکا ئەگەڕام، تا ناوم بکەوێتە سەر زاران. بەڵام سەرکەوتوو نەئەبووم، بە هۆی ئەوەی کارەکەم لە پلەیەکی وەهادا نەبوو و هیچ پلەیەکیشم نەبوو. بەڵام ئێستا کە تیمساحەکە منی بەئاسانی قووت داوە، هەست ئەکەم خەریکە ئەو ئاواتە دێرینەم بەدی دێت. ئیتر هەر وشەیەک لە زارم بێتە دەرەوە، هەمووان بە تامەزرۆیییەوە گوێی بۆ ڕادەگرن. هەر وتەیەکی من کە لە زارم بێتە دەرەوە، هەموویان دەخاتە گێژاوی بیرکردنەوەوە. وتەکانم ئەوترێنەوە و چاپ دەکرێت. فێریان دەکەم چ گەوهەرێکی

Scanned by CamScanner

بەنرخم! سەرەنجام، ئەوانیش لەو ڕاستییە تێدەگەن، کە ئەم تیمساحە چ گەوهەرێکی بەنرخی لە سکدا هەڵگرتووە و ئەمان نرخیان نەزانیوە تا ئێستا...!

"هەندێک دەڵێن، 'ئەبووایە ئەم پیاوە وەزیری دەرەکی بووایە یان فەرمانڕەوای وڵاتێک بووایە.' هەندێکی تریان دەڵێن، 'بەداخەوە کە ئەم پیاوە مەزنە فەرمانڕەوایی وڵاتێکی لە ئەستۆ نییە.'

"ئەبێت من چیم لە گارنیرپاجیسشکی، یان هەرکەسێکی تر کەمتر بێت؟ ئەبێت خێزانەکەشم ببێت بە کەسێکی ناودار و ناسراو. من مێشکم، هەیە کە بیری پێ دەکەمەوە، ئەویش جوانی و دڵڕفێنییەکی بێوێنەی هەیە، کە سەرنجی هەمووانی پێ ڕادەکێشێت. دەستەیەک لە خەڵکی دەڵێن، 'ئەو جوانە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو خێزانی ئەوە.' دەستەکەی تر بۆ ئەوانی تری ڕاست دەکەنەوە و دەڵێن 'ئەو جوانە، لەبەر ئەوە خێزانی ئەوە'، هەر لەبەر ئەمەیە کە دەمەوێت هەرچی زووترە، ئێلینا ئیڤانۆڤنای خێزانم خۆی ئامادە بکات بۆ ئەم دۆخە نوێیەی بەڕێوەیە. ئەبێت سبەینێ بچێت ئەو ئینسایکلۆپیدیایە بکڕێت، کە ئاندری کراڤسکی نووسیویەتی، بەمەش ڕەنگە بتوانێت قسە لەسەر سەردێڕی هەر بابەتێک بکات. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، با هەواڵە ڕامیارییەکانی

Scanned by CamScanner

ڕۆژنامەی 'پترزبۆرگ)' بخوێنێتەوە و پاشان هەموو ڕۆژێک بەراوردی بکات لەگەڵ ڕۆژنامەی ' (ڤۆیس)'. پێم وایە خاوەنی تیمساحەکەش قایل دەبێت بەوەی هەندێک جار لەگەڵ تیمساحەکەیدا بمبات بۆ دیوەخانە ناوازەکەی خێزانەکەم. من لەناو حەوزێکدا، لە ناوەڕاستی ژووری میوانەکەدا شکۆمەندانە قسەگەلێکی دانایانە و پەندئامێز لەگەڵ هەندێک نووکتەی خۆش بۆ ئەو خاتوونانە دەکەم، کە لەوێ ئامادە دەبن. هەڵبەت ئەم قسانە بەیانییەکەی ئامادەی دەکەم و لەوێ پێشکەشیان دەکەم. ئەبم بە سەرگەرمییەکی زۆر باش بۆ ئەو خاتوونانەی لەوێ ئامادە دەبن، سەرنجی هەموویان بەلای خۆمدا ڕائەکێشم، بێ ئەوەی کارێکی وا بکەم، دڵیان لە هاوسەرەکانیان کرمی ببێت. بۆ هەموو ئەوانی تریش، ئەبم بە مرۆڤێک - کە نموونەی ملکەچبوونە بەرامبەر بە چارەنووس و ویستی خواوەند. هەروەها خێزانەکەشم وێژەزانێکی ناوازەی لێ دروست ئەکەم. ئەبێت پێشی بخەم و باسی کەسایەتییە ناوازەکەی لای هەمووان ئاشکرا بکەم. ئەو وەک خێزانی من، ئەبێت خاوەنی باشترین و جوانترین ئاکار بێت، ئەگەر ئەوان ڕاست بن لەوەی کە ئاندری ئەلیکساندرۆڤیچ بە (ئالفرێد دی موسی) ڕووسیا ناو ببەن، کەواتە خەڵکی ڕووسیاش مافی خۆیانە خێزانەکەم

بە (یڤیجینا تۆر*)ی ڕووسیا ناو ببەن."

ئەبێت دانی پێدا بنێم، کە هەرچەندە ئیڤان ماتڤیتیچ خووی بەم قسە قۆڕ و بێسەرەوبەرانەوە گرتبوو، بەلام وا دەر دەکەوت ئەم جارە تای لێ هاتبێت و وڕێنە بکات. هەر هەمان ئیڤان ماتڤیتیچی هەمیشەیی بوو، بەلام بیست پلە بە پێچەوانەی جارانەوە تای لێ هاتبوو وڕێنەی دەکرد.

لێم پرسی:

"دۆستی من. ئایا ئۆمێدت بەوە هەیە ژیانێکی درێژ بژیت؟ ڕاستییەکەی بلێ، ئایا هەر بەڕاستی تەندروستیت باشە؟ چۆن چۆنی نان دەخۆیت؟ چۆن چۆنی ئەخەویت؟ بە چ شێوەیەک هەناسە ئەدەیت؟ من هاوڕێتم، ئەبێت پەسەندت بێت، کە ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی زۆر ناسروشتییە، لەگەڵ ئەوەشدا، کونجکاوییەکەی من زۆر سروشتییە.

بە دەنگێکی پڕ لە توانجەوە وەلامی دامەوە:

---

* یڤیجینا تۆر: ناوێکی خوازراوی ئەدەبییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ کونتیسە "سالیاس دو تورنمیر،" کە ناوی (سوخوفو-کوبلین)ە سالانی (١٨١٥-١٨٩٢) ژیاوە. ئافرەتێکی ویژەزانی ڕووسییە، ڕۆماننووس و ڕەخنەگریش بووە.

Scanned by CamScanner

"کونجکاوییەکی هیچوپووچ و بێمانا و هیچی تر! بەڵام وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە. ئەپرسیت کە چۆن لەناو سکی ئەم تیمساحەدا خۆم گونجاندووە؟ سەرەتا لە تیمساحەکەوە دەست پێ دەکەم، کە بۆتە هۆکارێکی زۆر باش بۆ سەرگەرمی من، چونکە ناوسکی بەتەواوی خاڵییە. ئەوەی بەڕاستی بۆتە جێگەی سەرسوورمانی من، ناوسکی ئەم تیمساحەیە، کە لە گوونییەکی لاستیکی گەورە دەچێت، ڕێک شێوەی لەو گوونییە لاستیکییانە دەچێت کە بازرگانەکانی شەقامی گۆرۆخۆڤی لە مۆرسکایا دەیفرۆشن. ئەگەر بە هەڵەیا نەچووبم، لە شەقامی فوزنیسنسکیش دەیفرۆشن. ئەگەر بەم شێوەیە نەبووایە، چۆن ئەمتوانی لەناو سکی ئەم تیمساحەدا جی بەخۆم بگرم؟"

به سەرسامییەکی زۆرەوە هاوارم کرد:

"مەگەر ڕێی تێ دەچێت ناوسکی ئەم تیمساحە بەتەواوی خاڵی بێت؟"

ئیڤان ماتڤێتیچ بە دەنگێکی بێبەروایانە و جەختلێکردنەوەوە وەڵامی دایەوە:

"بەتەواوی خاڵییە. بەپێی هەموو ئەگەرەکان، بەپێی یاساکانی سروشت دروست کراوە. تیمساح جگە لە کاژێریکی گەورە و کۆمەڵە ددانێکی تیژ، لەگەڵ کلکێکی

درێژ، هیچی تر نییە. تەنها هەر ئەوەیە کە دەیڵێم. لەنێوان ئەم دوو بەشەشدا، واتە کەللە لەگەڵ کلک، بۆشاییەکی خاڵی هەیە، کە بە ماددەیەک ڕووپۆش کراوە، لە لاستیک ئەچێت لە لاستیکی (گوتا-پرکا). ڕەنگە گوتا-پرکای ڕاستیش بێت..."

لە تووڕەییدا قسەکەم پێ بڕی و وتم:

"ئەی پەراسوو، گەدە، ڕیخۆڵەکان، جگەر، دڵ. ئەی ئەمانە چی؟ ئایا هیچ یەکێک لەمانەی تیدا نییە؟"

"هیچی لێ نییە! بەدڵنیاییەوە هیچ یەکێک لەوانەی لێ نییە. لەوانەیە هەرگیز نەیبووبێت. هەموو ئەو قسانەی لەسەر جەستەی تیمساح دەکرێت، هەمووی قسەی بێبایەخ و هیچوپووچن، گەشتیارانی بێئیش ئەم جۆرە قسانە دەکەن.

"هەر چۆن یەکێک فوو دەکاتە دۆشەکلەیەکی چەرمینی هەوایی، منیش ئا بەو شێوەیە لەناو سکی ئەم تیمساحەدا هەناسە ئەیەم. ناو سکی ئەم تیمساحە بە شێوەیەکی زۆر سەیر دەکشێت. ڕاستیت بوێت، تۆ وەک هاوڕێیەکی خێزانەکەم - وەرە ناوەوە بۆ لام، ئەگەر هێندە بە خۆدا ئەپەرمویت و ڕۆحی قوربانیدانت بەپێی پێویست تێدایە - چونکە تەنانەت بە هاتنی تۆش، هێشتا جێگەیەکی خاڵی ئەمێنێتەوە. تەنانەت بیرم لەوەش کردوتەوە، کە

Scanned by CamScanner

ئەگەر ئەمە ببێت بە دواپەناگە، ڕەنگە بنێرم بە شوێن ئێلینا ئیڤانۆڤنای خێزانیشمدا. ئەم تیمساحە پووچەڵ و بۆشە، لەگەڵ یاساکانی زانستە سروشتییەکان زۆر ڕێک کەوتووە، بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک بیەوێت تیمساحێکی نوێ دروست بکات، یەکسەر بە شێوەیەکی سروشتی ئەم پرسیارەی لەلا دروست دەبێت، ئایا ئەرکە سەرەکییەکانی تیمساحێک چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون و ئاشکرایە: کاری قووتدانی مرۆڤەکانە. بەڵام چۆن چۆنی کەسێک بە دروستکردنی تیمساحێک گەرەنتی ئەوە دەکات کە ئەو تیمساحەی دروستی کردووە، دەتوانێت خەلکی قووت بدات؟ دیسانەوە وەڵامی ئەم پرسیارەش ڕوون و ئاشکرایە: ئەبێت ناوەوەی تیمساحەکە خاڵی بێت. زۆر لە مێژە لەلایەن فیزیکناسانەوە ئەوە سەلمێندراوە کە سروشت ڕقی لە خاڵیبوونە. لەم ڕووەوە ناوەوەی لاشەی تیمساح پێویستە خاڵی بێت، تیمساحیش بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە خاڵیبوون ڕزگار بکات، ئەوەیە کە هەرشتێک بێتە سەر ڕێی، بێ دواکەوتن و بەخێرایی هەڵی ئەلووشێ. ئەمە بەڵگەیەکی لۆژیکییە، کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی هەر تیمساحێک حەز بە قووتدانی مرۆڤ دەکات. جەستەی مرۆڤ بەم شێوەیە دروست نەکراوە؛ بۆ نموونە، هەتا مێشکی مرۆڤێک خاڵیتر بێت، ئەوە حەزێکی زۆر کەمتری دەبێت بۆ پڕکردنەوەی، ئەمەش

Scanned by CamScanner

جگە لە جیاکارییەک لە یاسا گشتییەکان، هیچی دی نییە.
ئێستا هەموو شتێک بۆ من ڕوونە، وەک ڕووناکیی ڕۆژ.
هەموو ئەو زانیارییانەشی دەستم کەوتوون، هەمووی لە ئەنجامی ئەزموون و سەرنجدانی خۆمەوە دەستم کەوتوون، ئەگەر بڵێین لە ڕێگەی جێگیربوون لە هەناوی سروشتا، بە گوێگرتن لە لێدانەکانی دڵی سروشت، هەموو ئەو شتانەم بۆ ئاشکرا بوو. تەنانەت زانستی زمانناسیش پشتگیری لە بیروباوەڕی من دەکات، سەبارەت بە وشەی تیمساح (کرۆکۆدایل)، کە لە بنەڕەتدا ئەمە ناوێکی ئیتاڵییە لە (corocodillo)، وەرگیراوە، کە بە مانای چڵێسی دێت. ئەم وشەیە لە سەردەمی فیرعەونەکانی میسریشدا بوونی هەبووە و داڕێژراوە لە وشەی فەرەنسی (Croquer) کە بە واتای خواردن و قووتدان و مژینی خۆراک دێت. لە بەرنامەمدایە تەواوی ئەم وشانە لە یەکەم وتارمدا لە دیوەخانەکەی ئیلینا ئیڤانۆڤنا پێشکەش بکەم، ئەمە کاتێک، کە بە حەوزی تیمساحەکەوە بۆ ئەوێم ئەبەن."

بەبێ ویستی خۆم هاوارم کرد:

"دۆستی من، تەنانەت ناتەوێت کەمێک دەرمانی ڕەوانیش بخۆیت؟"

پاشان بە کەمێک لە ترسەوە بە خۆمم وت: تای لێ هاتووە، تا، تایەکی زۆر خراپی لێ هاتووە!

Scanned by CamScanner

بەدەنگێکی ئابڕووبەرانە وەڵامی دامەوە:

"قسەی قۆڕ مەکە! لەم بارودۆخەدا لەکوێوە دەرمانی ڕەوانی بخۆم؟ لام یەقین بوو کە تۆ باسی خواردنی دەرمانم لەگەڵ دەکەیت."

بەلام هاوڕێکەم، ئەی چۆن... ئەی چۆن خواردن دەخۆیت؟ ئەمڕۆ نانت خوارد؟"

"نەخێر، نانم نەخواردووە، چونکە برسیم نییە، ڕەنگە هەرگیزیش خواردن نەخۆم. ئەم بارودۆخە تەواو سروشتییە بۆ من، چونکە بە پڕکردنی لاشەی تیمساحەکە، وام کردووە کە تیمساحەکەش هەرگیز هەست بە برسیتی نەکات. تیمساحەکە تا چەند ساڵێکی تر پێویستی بە خۆراک نابێت. لە ڕوویەکی تریشەوە، بە قووتدانی من، هەرچی شلەمەنییە گرنگەکانی لاشەیەتی، ئەیبەخشێت بە من. ئەمە ڕێک هاوشێوەی ئەو ژنە مەکربازانەیە، کە شەوانە وەک پارچەیەک گۆشتی کاڵ و خاو خۆیان دەخەنە بەردەست سەرجەم ئەو کەسانەی شەوانە لەگەڵیان ڕادەبوێرن، بەڵام دواتر، پاش خۆشۆردنی سەرلەبەیانی، تازە، جیڕ، خڕپن و دلفڕێن دەبنەوە. بەم شێوەیە خواردن ئەبەخشم بە تیمساحەکە، منیش بەو پێیەی کە وەک خۆراک وام بۆ تیمساحەکە و خواردنم پێ بەخشیوە، لە بەرامبەردا خواردنی لێ وەردەگرمەوە، ئا بەم شێوەیە یەکتر تێر

Scanned by CamScanner

دەکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاسان نییە تەنانەت بۆ تیمساحیکیش تا مرۆیەکی وەک من هەرس بکات، هەر بۆیە و بێگومان دەبێت هەست بە قورساییەک بکات لە گەدەیدا. هەرچەندە ئەو هیچ ئەندامیکی هەرسکردنیشی نییە تا من هەرس بکات، بۆیە تووشی ئازار دەبێت. منیش بۆ ئەوەی ئەو گیاندارە ئازار نەچێژێت، زۆر ئەمدیو و ئەودیو بە خۆم ناکەم، هەرچەندە ئەتوانم بەئاسانی ئەمدیو و ئەودیو بکەم، بەڵام لەبەر هەستی مرۆڤایەتیم، ئەو کارە ناکەم. ئەمە تەنیا کیشەیەکە، کە لە ئێستادا بەدەستییەوە ئەناڵێنم.

"تیمۆفی سمیۆنیچ بە مانا مەجازییەکەی ڕاست دەکات کە دەڵێت، من وەک کۆتەرەداریک ڕاکشاوم. بەڵام ئەیسەلمینم، ئەگەرچی وەک کۆتەرەداریکیش ڕاکشابم - نا، بە هەڵە وتم، تەنها ڕاکشاو وەک کۆتەرەداریک - مرۆڤ ئەتوانێت هەر بەم شێوەیە هەستی شۆڕشگێڕی لە سەرجەم مرۆڤەکاندا بەدی بهێنێت. هەموو بیرۆکە ناوازەکان و وتاری ناو ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکانی ئێمە، بە ئاشکرا دیارە کە جێدەستی کەسانێکە، کە وەک کۆتەرەدار ڕاکشاون؛ هەر لەبەر ئەمەیە کە بەم جۆرانە دەڵێن دابڕاو لە ڕاستییەکانی ژیان - بەڵام چ گرنگییەکی هەیە ئەو قسانەی بەوان دەوترێت! هەرچۆنێک بێت، من سیستەمیکی تایبەت و تەواو بۆ خۆم دروست ئەکەم و

Scanned by CamScanner

ڕەنگە باوەڕ نەکەیت ئەم کارە تا چ ڕادەیەک ئاسانە! هەر هێندەت دژوارە، تا دەخزێیتە سووچێکەوە، یاخود بخزێیتە ناو سکی تیمساحێکەوە، ئەوکات چاوەکانی خۆت دادەخەیت و بەخێرایی داهێنان بۆ هەزار ساڵی مرۆڤایەتی دەکەیت. هەر ئەمڕۆ لای دوانیوەڕۆکەی، کە تۆ ئێرەت بەجێ هێشت، بێ وەستان دەستبەکار بووم و سێ سیستەمی تایبەت بە خۆمم داهێنا و ئێستاش خەریکم چوارهەمیش ئامادە دەکەم. ئەوە ڕاستییە، کە کەسێک بۆ دروستکردنی بیردۆزێکی نوێ، دەبێت هەرشتێک کە پێشتر بوونی هەبووە، هەمووی وەلا بنێت، ڕەنگە ئەم کارە لە جیهانی دەرەوەدا هێندە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام لەناو سکی تیمساحدا، کاری وەلانان کارێکی زۆر ئاسانە؛ جگە لەوەش، تێڕامان لەناو سکی تیمساحدا، وا دەکات هەموو شتەکان ڕوونتر و ئاشکراتر دەر کەون...

"هەڵبەت چەند کێشەیەکی بچووکم هەیە: ئێرە تۆزێک شێدارە و وەک ئەوەی بە جۆرێک لە لیتە داپۆشرابێت وایە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، بۆنێکی ناخۆشیشی وەک بۆنی لاستیکی هندی لێ دێت، بۆنەکەی کتومت وەک بۆنی لاستیکە گالشە ڕووسییە کۆنەکانی خۆم وایە. کێشەی من تەنها ئەم شتانەیە، ئەگینا هیچ کێشەیەکی دیکەم نیە..."

Scanned by CamScanner

قسەکانیم بڕی و وتم:

"ئیڤان ماتڤیتیچ، هەموو ئەم شتانەی دەیانڵێیت وەک پەرجوویەک وەهایە، کە هێندە ئاسان نییە باوەڕی پێ بهێنرێت. ئایا ئەتوانیت... هەرگیز ئەتوانیت جارێکی تر نان بخۆیت؟"

"بۆچی مێشکی خۆت بەم شتە قوڕ و بێمانایانەوە جەنجاڵ کردووە؟ تۆ کەسێکی، زۆر کەم بیر دەکەیتەوە. بوونەوەرێکی زۆر گەمژەیت! من باسی بیرۆکەگەلێکی مەزنت بۆ دەکەم کەچی جەنابیشت!... لەوە تێبگە کە هەموو ئەم بیرۆکە مەزنانەی بۆم هاتوون، هەرچی ئەم تاریکییەی تێی کەوتووم، ڕووناک کردۆتەوە. ئەم پیاوە ئەڵمانییە جوانسروشتە، لەگەڵ خێزانە میهرەبانەکەی (دایە)، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە گرنگی بدەن بە بابەتی چۆنێتی خواردنپێدانی من، ئەویش لە ڕێگەی لوولەیەکی کانزاییی چەماوەوە، کە لە لوولەی فیکەلێدان دەچێت، هەموو بەیانییەک ئەو لوولەیە ئەخەنە ناو شەویلگەی تیمساحەکەوە، تا لە ڕێگەیەوە، قاوە یان تشریبم بدەنی. ئێستا ئەم لوولەیە وەک هاوسێی منی لێ هاتووە و لە نزیک من کەناری گرتووە و وا دەر دەکەوێت لوولەیەکی زۆر گرانبەها بێت. هیوادارم بە

Scanned by CamScanner

لایەنی کەمەوە نزیکەی هەزار سالێک بژیم. ئەگەر ڕاست بێت، کە دەڵێن تیمساح بۆ ماوەیەکی درێژ دەژی. کارێکی باش دەکەیت ئەگەر سبەینێ تەماشای هەندێک مێژووی سروشتیم بۆ بکەیت، ئاگادارم بکەیتەوە و بزانیت شتی وا ڕاستی هەیە، کە بڵێت تیمساح هەزار ساڵ تەمەن ئەکات؟ بزانە ڕاستە یان نا. چونکە لەوانەیە ئەم تیمساحەم لەگەڵ دەعبایەکی هەلکولەری تر لێ تێک چووبێت. تەنها یەک شت هەراسانم ئەکات؛ ئەویش ئەوەیە من جلم لەبەردایە و پۆتینم لەپێدایە، لەبەر ئەمە، تیمساحەکە ناتوانێت بەئاسانی هەرسم بکات، لەگەڵ ئەوەی خۆم زیندووم، بەوپەڕی توانامەوە ڕێگری لە دۆخی هەرسکردن دەگرم، بۆ ئەوەی تۆ لەمە تێبگەیت، ئەوەیە کە من نامەوێت بگۆڕێم بە شتێک، کە خوازیاری بوون - بەو - شتە نیم. هەروەک تەواوی خۆراکەکانی تر، دەبن بەو شتەی دەبێت ببن، ئەمە وام لێ دەکات زۆر قیز بکەمەوە. بەڵام لە شتێک زۆر ئەترسم: ترسەکەشم لەوەیە، ئەو پاڵتۆیەی لەبەرمدایە، لە بێبەختیی من دروستکراوی ڕووسییە، ڕەنگە بەرگەی مانەوە نەگرێت و لە ماوەی هەزار ساڵدا، کە لەناو سکی ئەم تیمساحەدام، بڕزێت و بێ جلوبەرگ بمێنمەوە. ئیتر بەم شێوەیە هیچ شتێک نامێنێتەوە، تا لە هەرسکردن بمپارێزێت، ڕەنگە ئەو کاتە تیمساحەکە بتوانێت هەرسم بکات. هەڵبەت لە ڕۆژدا، هەرچۆنێک

Scanned by CamScanner

بێت، ڕێگە نادەم هەرسم بکات، بەڵام لە شەودا و کاتی نوستن، ڕەنگە بچمە خەوێکی قووڵەوە و بەم شێوەیە ڕێگە بدەم هەرسم بکات. ڕەنگە ئەو کاتە ڕووبەڕووی چارەنووسێکی غەمگینی وەک، پەتاتەیەک، پارچەکێکێک، یان وەک گۆشتی گوێرەکەیەک ببمەوە.

"کاتێک بیر لەمە دەکەمەوە و ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، زۆر تووڕەم دەکات. بابەتی لەناوچوونی پاڵتۆ ڕووسییەکەی من، دەتوانرێت بکرێت بە بەڵگەیەکی باش بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە ڕەوشی گومرگی هاوردەکردنی جلوبەرگی ئینگلیزیدا بکرێتەوە. بەو هۆکارەی جلوبەرگی ئینگلیزی قایمترن و بۆ ماوەیەکی زیاتر و درێژتر، لە جلوبەرگی ڕووسی بەرگە دەگرێت و دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی ئەگەر هات و تیمساحەکە کەسێکی تری قوت دا، جلەکانی کەسەکە زیاتر بەرگە بگرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەکرێت باجی گومرگی لەسەر کاڵای ئینگلیزی زیاد بکرێت و ئەمەش دەبێتە داهاتێکی باش بۆ وڵاتەکەمان. لە یەکەم دەرفەت کە بۆم هەڵکەوێت، ئەم بابەتە لای هەندێک سیاسەتمەدار دەخەمە بەر باسوخواس، وە لە هەمان کاتا ئەم بابەتە بۆ نووسەرە سیاسییەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی پترسبۆرگ باس دەکەم. ڕێیان بدەن با لە دەرەوەش بە چاپی بگەیەنن. دڵنیام ئەمە تاقە بیرۆکەیەک نابێت، کە لە منەوە بەدەستی دەهێنن.

Scanned by CamScanner

لە بەرچاومە کە هەموو بەیانییەک، کۆمەڵێکی ڕێکخراو لە ڕۆژنامەوانان قایل دەبن بەوەی بیستوپێنج کۆپێک بدەن، تەنها بۆ ئەوەی سەرنج و تێڕوانینی من وەربگرن لەسەر دواسەردێڕی ئەو تەلەگرافانەی ڕۆژی پێشتر پێم گەیشتوون لەسەر خودی ئەو بابەتانەی کە لەبارەی بیرۆکەکانی من لە ڕۆژنامەکانیان بڵاویان کردۆتەوە. بەکورتی، داهاتوو بەوپەڕی ڕووناکییەوە دەرگاکانی خۆی بە ڕووی مندا والا کردووە."

لەژێر لێوەوە بە خۆمم دەوت: تای لێ هاتووە. تای لێ هاتووە! بەڵام هەر بۆ ئەوەی بزانم بە شێوەیەکی تەواو ڕوانگەی چۆنە، پرسیم:

"دۆستی من، ئەی سەبارەت بە ئازادیت چی دەڵێیت؟ تۆ لە زیندانەوە وتاربێژی دەکەیت، لە کاتێکا هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە چێژ لە خۆشیی ئازادیی خۆی ببینێت! ئایا ئازادی باشترین بەخشش نییە بۆ مرۆڤ؟"

"تۆ مرۆیەکی گەمژەیت، تەنها دڕندەکان مەیلیان لە ئازادییە، بەڵام دانایانی ڕاستەقینە پەیڕەو هەڵدەبژێرن بەسەر ئازادیدا و پەیڕەویان خۆش دەوێت، هەڵبەت ئەگەر پەیڕەوێک بوونی هەبێت..."

"ئیڤان ماتڤێتیچ، لێت ئەپاڕێمەوە واز لەم قسانە بهێنە!"

ئیڤان ماتڤێتیچ لەبەر ئەوەی قسەکانیم پێ بڕیبوو،

Scanned by CamScanner

زۆر تووڕە بوو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

"زارت ببەستە و باش گوێ ڕادێرە! من هەرگیز هێندەی ئێستا هەستم بە بەهێزی و گورجوگۆڵیی خۆم نەکردووە. من لەم پەناگەیەی خۆم، تەنها یەک شت ئەمتۆقێنێت، ئەویش ئەو ڕەخنە ئەدەبییانەی کە مانگانە دەگیرێت، هەروەها واتەواتی هەندێک لە ڕۆژنامە جنێوفرۆشەکانیش. ئەترسم خوێنەرە گەمژەکانی ئەو جۆرە ڕۆژنامە و گۆڤارانە، کە خەڵکانێکی بێئەقڵ و ئیرەییبەر و (نیهیلیزم*)ن، بمکەن بە گاڵتەجاڕی خۆیان.

"بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش، من بە کاری خۆم هەڵدەستم. بەبێئارامی چاوەڕوانی ئەو دادوەرییە ئەبم، کە ڕوانگەی گشتی لەسەرم دەیدەن، بەتایبەتی ڕای ڕۆژنامەکانی سبەینێ. پێویستە لەسەرت، سبەینێ ناوەڕۆکی ئەو وتارانەم بۆ بخوێنیتەوە، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە!"

"زۆرباشە، سبەینێ یەک باوەش ڕۆژنامە لەگەڵ خۆم دەهێنم!"

---

* نیهیلیزم: (هیچگەرا nihilism) فەلسەفەیەکە دەڵێت هیچ شتێک بوونی نییە و نازانرێ و ناگەیەنرێ بە کەسی تر. فەلسەفەیەکە بڕوای نییە بە هیچ جۆرە فەلسەفە و بیروباوەڕێکی ئاکارباشی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و دژیان دەوەستێ. بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕی خوێناوی بوو لەدوای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لە ڕووسیا بوونی هەبوو. س. ف. ئازادی

Scanned by CamScanner

"سبەینێ زۆر زوو دەبێت بۆ ئەو کارە. چونکە نزیکەی چوار ڕۆژی تەواوی پێ دەچێت، تا ڕۆژنامەکان ئەم بەسەرهاتە بڵاو بکەنەوە. بەڵام لەمڕۆوە، هەر ئێوارەیەک کە هاتیت بۆ ئێرە، لە دەرگای پشتەوە وەرە، چونکە ئەمەوێت تۆ وەک سکرتێری خۆم دامەزرێنم. ئیشی تۆ ئەوە دەبێت ڕۆژنامە و گۆڤارەکانم بۆ بخوێنیتەوە، پاشان منیش بیرۆکە و ئەندێشەکانی خۆمت بۆ ڕوون دەکەمەوە و ئەرکیشت پێ دەسپێرم، بە شێوەیەکی گشتی، زۆر وریای تەلەگرافە بیانییەکان بیت، بیرت نەچێت هەموو ڕۆژێک هەواڵی تەلەگرافی ڕۆژنامە ئەوروپییەکان لەگەڵ خۆت بهێنیت. زۆرباشە، چیتر بۆ ئەمڕۆ بەسە. ڕەنگە ئێستا خەوت بێت. بۆ ماڵەوە بگەڕێرەوە و بیریش لەو بابەتی ڕەخنەییەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان مەکەرەوە، کە ئێستا بۆم باس کردیت، وا تێنەگەیت لەو ڕەخنانە دەترسم، چونکە خودی بارودۆخی ڕەخنەگرتنیش لە ئێستادا خۆی لە خۆیدا جێگەی ڕەخنەیە! مرۆڤ دەبێت دانا و چاکەکار بێت، چونکە تەنها بەم ڕێگەیە بە پلەی کەماڵ دەگات.

"ئەگەر نەبم بە سوقرات، ئەوە ئەبم بە دیوجین، یان هەردووکیان پێکەوە دەبن بەو ڕۆڵەی لە ئایندەدا دەمبێت لەناو مرۆڤایەتیدا."

Scanned by CamScanner

بەم شێوەیە ئیڤان ماتڤیتیچ بەپەلەپەل و خۆنازینەوە و بەوپەڕی لووتبەرزییەوە لە بەردەمما باسی خۆی دەکرد. بە خانمێکی تاڵیهاتووی لاواز دەچوو، کە ئێمە پەندێکمان هەیە دەڵێت "(خانمان ناتوانن هیچ نهێنییەک بپارێزن)." هەرچی کە ئەو بۆی باس کردم لەسەر تیمساحەکە، تووشی سەرسامییەکی زۆری کردم. چۆن ڕێی تێ دەچێت ناو سکی تیمساحەکە بەتەواوی خاڵی بێت؟ ئامادەم گرێو بکەم، کە نەیئەویست غروری خۆی لەژێر پێ بنێت، یان هەر مەبەستی بوو بە ئانقەست من بچەوسێنێتەوە و یاری بە ئەقڵم بکات.

ئەمزانی ئەو نەخۆشە و ناکرێت قسەی مرۆڤی نەخۆشیش بە هەند وەربگیرێت، پێویستە بارودۆخی نەخۆشیش لە بەرچاو بگیرێت. بەڵام بێپەردە و بەئاشکرا دانی پێدا دەنێم، کە هەرگیز نەمتوانیوە ئارامی خۆم لە بەرامبەر ئیڤان ماتڤیتیچدا لەدەست نەدەم. لە تەواوی ژیانما - هەر لە منداڵییەوە تا گەورە بوونمان بەیەکەوە - هەوڵم داوە خۆم لە ئامۆژگارییە بێبنەما و سووکەکانی قوتار بکەم، بەڵام نەمەتوانی! هەزار جار هەوڵم دابوو کۆتایی بە پەیوەندیی هاوڕێیەتیمان بهێنم، بەڵام هەموو جارێک شتێک دروست ئەبوو و سەرلەنوێ لە یەکی

Scanned by CamScanner

نزیک ئەکردینەوە. ڕەنگە هۆکەی ئەوە بووبێت، کە هەمیشە هەوڵم داوە شتێکی بۆ بسەلمێنم، یاخود هۆکەی ئەوە بووبێت، بەڕاستی پێم خۆش بووە لە دەرفەتێکا تۆڵەی هەموو شتێکی لێ بکەمەوە. هاوڕێیەتی نێوان ئەم دووانەمان پەیوەندییەکی زۆر سەیر بوو!

ئەتوانم بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە بڵێم، لە سەدا نەوەدی ئەو هاوڕێیەتییەی من بەرامبەر بە ئەو، لە کینە زیاتر چیدی نەبوو. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەمجارەیان بە هەستێکی زۆر دۆستانە و ڕاستگۆیانە لە یەک جیا بووینەوە.

کابرای ئەڵمانی، کە بەوردی گوێی لە وردودرشتی قسەکانمان گرتبوو، لە کاتی ڕۆیشتنەدەرەوەم لەو شوێنە، بە چرپە پێی وتم:

"هاوڕێکەتان کەسێکی زۆر ژیرە!"

"بەڕاست، ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەم تیمساحەی ئێوە بکڕێت، بە چەندێک دەیفرۆشن؟"

ئیڤان ماتڤیتیچ، کە وا دیار بوو گوێبیستی پرسیارەکە بووبێت، شەیدایانە چاوەڕوانی وەڵامی کابرای ئەڵمانی دەکرد. بەڕوونی دیار بوو ئەو پێی خۆش نەبوو کابرای ئەڵمانی تیمساحەکەی هەرزانفرۆش بکات. کابرای ئەڵمانیش کە وا دەر دەکەوت لە سەرەتادا باش گوێبیستی

Scanned by CamScanner

پێشنیارەکەم نەبووبێت، بۆیە بەوپەڕی تووڕەبوونەوە سوور هەڵگەڕا و وەک قرژاڵی کوڵاوی لێ هات، هاواری کرد:

"ناوێرێت کەس بکڕێت تیمساحی من! من تیماسحەکە نامەوێت بفرۆشم! یەک ملوێن (تالر*)یش بدەن، نافرۆشم تیمساحەکە. من ئەمڕۆ سەد و سێ تالرم لە مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی خەلکیدا وەرگرتووە. سبەینێ وەردەگرم دە هەزار تالر دەبێت. نەخێر، پاشان سەد هەزار دەبێت وەرگرم هەموو ڕۆژێک. من نافرۆشم ئەو."

ئاشکرا بوو کە ئیڤان ماتڤیتیچ لە خۆشیا خەنی بیوو. هەوڵم دا بەسەر خۆمدا زاڵ بم - چونکە پێم وا بوو ئەرکێکی هاوڕێیانەم لەسەر شانە و ئەبێت ئارامی خۆم لەدەست نەدەم. بە دەنگێکی سارد ۆ ئەقڵانەوە بە ئەڵمانییە شێتەکەم نیشان دا، کە ژماردنەکەی تەواو هەڵە بووە، وتم: ئەگەر بەو پێیە بێت کە تۆ دەیڵێیت هەموو ڕۆژێک سەد هەزارت دەست بکەوێت، کەواتە لە ماوەی چوار ڕۆژدا هەموو دانیشتووانی پترسبۆرگ بۆ بینینی تیمساحەکەت دێن، لەبەر ئەوەشی کە ژیان و مردن لە دەستی خوداوەندایە، بۆی هەیە لە هەرساتێکدا بێت

* تالر: سکەی زیویی ئەڵمانی بووە، کە لە سەدەکانی پازدە تا نۆزدەی زایینی لە ئەڵمانیا مامەڵەی پێوە کراوە، وشەی دۆلاریش لەم وشەیەوە وەرگیراوە.

Scanned by CamScanner

،تیمساحەکەتان بتەقێت، یاخود ئیڤان ماتڤیتیچ نەخۆش بکەوێت و بمرێت و هەتا دوایی.

کابرای ئەڵمانی، کە وا دەر دەکەوت قسەکانم کاری تێ کردبێت، کەوتە گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، دوای ئەوەی بیری کردەوە، وتی:

"لە دەرمانخانە وەردەگرم قەترە بۆی، بەم شێوەیە دەکەم ڕزگار هاوڕێی ئێوە ئیتر نامرێت ئەو."

"قەترە، دەرمانێکی خراپ نییە، بەڵام لەیادتان نەچێت، ڕەنگە ئەم بابەتە بکێشرێتە دادگا. ڕەنگە خێزانی ئیڤان ماتڤیتیچ بەپێی یاسا داوای دەرهێنانی مێردەکەی بکات لەناو سکی ئەم تیمساحەدا. تۆ حەز دەکەیت دەوڵەمەند بیت، بەڵام ئایا حەز دەکەیت مووچەی بێوەژنانە ببڕیتەوە بۆ ئێلینا ئیڤانۆڤنا؟"

کابرای ئەڵمانی بە دەموچاوێکی مۆنەوە و بە دەنگێک کە پڕ بوو لە تووندوتیژی، وتی:

"نەخێر، نیمە خواستیک لەم جۆرە!"

دایەش بە دەغەزدارییەوە دەنگی خۆی خستە پاڵ مێردەکەی و وتی:

"نەخێر، نیمانە خواستیک لەم جۆرە!"

"زۆر باشە، کەواتە باشتر نییە هەر ئێستا نرخێک

Scanned by CamScanner

بڵێن، کە لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت و پەسەندی بکەن، پێش ئەوەی کارەکە بکەوێتە دەستی چارەنووس! ئەبێت ئەوەشتان پێ ڕابگەیەنم، کە حەزی زانین وای لێ کردم ئەم پرسیارە بکەم."

کابرای ئەڵمانی پەلی دایەی گرت و ڕای کێشایە سووچێکی گەلەرییەکەوە، بۆ ئەوەی ڕاوێژی پێ بکات، ڕێک لە نزیک قەفەسی ناشرینترین و زەبەلاحترین مەیموونا وەستابوون.

ئیڤان ماتڤێتیچ وتی:

"زۆر باشە، دەبینیت!"

لەلای خۆمەوە، لەو ساتەدا لە خۆشییا خەریک بوو لە پێستی خۆم ئەهاتمە دەرەوە. چونکە، یەکەم، گورزێکی بەهێزم لە کابرای ئەڵمانی وەشاند، دووەم، دایەشم لە شوێنی خۆیدا کپ کرد، سێیەم و لە کۆتاییشدا غرورە بێئەندازەکەی ئیڤان ماتڤێتیچیشم شکاند. بەڵام، هەموو ئەو دڵخۆشییەم بە وەڵامێکی کابرای ئەڵمانی چاوچنۆک و زۆرزان لەناو چوو.

کابرای ئەڵمانی دوای ڕاوێژکردنی بە ژنەکەی، داخوازیی ئەوەی کرد، لە بەرامبەر تیمساحەکەی، بڕی پەنجا هەزار ڕۆبڵ بە شێوەی قەواڵەی قەرزی ڕووسی و لەگەڵ چەند بلیتێکی یانسیب، کە پارەیەکی زۆری پێ

Scanned by CamScanner

بیریتەوە، هەروەها خانوویەکی لە - خشت - دروستکراو لە شەقامی گرۆهۆڤی، هاوپێچ لەگەڵ دوکانێکی دەرمانفرۆشتن، لەگەڵ وەرگرتنی پلەی عەقید لە سوپای رووسیادا.

ئیڤان ماتڤیتیچ، بە دەنگێک کە هەستی سەرکەوتنی تیدا بەدی دەکرا، هاواری لی کردم و وتی:

"بینیت! چیم پی وتیت! جگە لەم خواستە بیمانایەی کۆتایی، پلەی عەقید لە سوپای ڕووسیا، کابرای ئەڵمانی داوای چی کردووە، مافی خۆیەتی، چونکە بەتەواوی بۆی ڕوون بۆتەوە، کە ئەم جانەوەرەی نمایشتی دەکات، چەند بەنرخە. بنەماکانی ئابووری لەپێش هەموو شتیکەوەیە!"

بەوپەڕی تووڕەییەوە هاوارم کرد بەسەر کابرای ئەڵمانیدا!

"بۆچی ئەتەوێت ببیت بە عەقید؟ چ داستانێکت تومار کردووە؟ چ خزمەتێکت کردووە؟ یان چ شانازییەکت پی بەخشراوە لەلایەن سوپای وڵاتەکەمانەوە؟ بەڕاستی تۆ شێت بوویت، کابرا!"

کابرای ئەڵمانی وا دیار بوو ئەم قسەی کۆتاییم دەماری گرتبێت بەوپەڕی جاڕزییەوە وتی:

"شێت! نەخێر، کەسێک زۆریش وشیارم. بەڵام زۆر تۆ گەمژەیت! پلەی عەقیدی شایستەی منە بۆ ئەوەی

Scanned by CamScanner

تیمساحێک نمایش دەکەم لە ناویشیدا دانیشتووە ڕاوێژکارێکی زیندوو! کەسێکی ڕووسی دەتوانێت، بەڵام تیمساحێک نەتوانێت ڕاوێژکارێک دەژی لەناویدا، ببێت بە عەقید! من ئەوپەڕی ژێرم کابرایەک زۆریش، عەقید مەراقمە کە ببم!"

لە کاتێکدا کە لە تووڕەییدا لەرزم پێ کەوتبوو، هاوارم کرد:

"زۆر باشە. کەواتە بەنیازی دیدار، ئیڤان ماتڤێتیچ!

بەپەلە لە ژووری تیمساحەکە ڕام کردە دەرەوە. ئەگەر بهاتایە و یەک خولەکی تر لەو شوێنەدا بمامایەتەوە، بەدڵنیاییەوە نەمەتوانی زاڵ بم بەسەر خۆما و ئەوەی نەدەبوو ڕوو بدات، ڕووی دەدا. چونکە هیچ وەڵامێکی لۆژیکیم دەست نەدەکەوت. چاوچنۆکیی ئەو دوو مرۆڤە کەللەڕەقە و داخوازییەکانیان، کاری کردەنی نەبوو. هەوای ساردی دەرەوە، تۆزێک هۆشی بەبەر هێنامەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان تووڕەییەکەی تۆزێک دامرکاندمەوە. لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی بە هەرچی هێزی خۆمەوە پازدە تفم بەلای ڕاست و چەپی خۆمدا کرد، گالیسکەیەکم گرت و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. جلەکانم لەبەری خۆم داکەند و خۆم کرد بەژێر جێگەکەمەوە. ئەوەی لە هەموو شتەکانی تر زیاتر جاڕزی کردبووم،

Scanned by CamScanner

ئەوە بوو کە دەبوو ببم بە سکرتێری ئیڤان ماتڤێتیچ. ئێستا ئەبێت هەموو ئێوارەیەک لە جارێزیدا بمرم، ئەمە هەر لەبەر ئەوەی ناماقولیم کرد و وتم هەڵدەستم بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هاوڕێیەکی ڕاستەقینە! ئامادە بووم لەسەر ئەم کارەم لە خۆم بدەم. لە ڕاستیدا، ئەوکارەشم کرد. دوای ئەوەی مۆمەکەم کوژاندەوە، جلەخەوەکانم لەبەر کردن ،چەندین جار مستەکۆڵەم کوتییە سەرم و چەندین شوێنی جۆراوجۆری جەستەم. بەم شێوەیە هەرچۆنێک بێت، تۆزێک ژیانم تێ گەڕایەوە، لە کۆتاییشدا بە هۆی ئەوەی گەلێک ماندوو بووم، لە خەوێکی تەواو قووڵ ڕۆچووم. بەدرێژاییی ئەو شەوە لە مەیموون زیاتر خەونم بە هیچی ترەوە نەدەبینی، بەڵام نزیکی سپێدە، خەونم بە ئێلینا ئیڤانۆڤناوە بینی.

Scanned by CamScanner

(٤)

سەبارەت بەو مەیموونانەی کە لە خەوەکەمدا بینیم، وا گومان دەبەم بە هۆی ئەوەوە بووبێت، کە هەموویان لە لەلای ئەڵمانییەکە لەناو قەفەسدا زیندانی کرابن؛ بەلام ئەوەی ئیلینا ئیڤانۆڤنا چیرۆکێکی جیاوازتر بوو.

ڕەنگە یەکسەر و بێ دواکەوتن بڵێم، کە من ئەم خانمەم خۆش دەویست. بەلام لە دەربڕینی هەستی خۆم، کەمێک پەلەم کرد، ئەویش چ پەلەکردنێک، پەلەکردنێکی زۆر نابەجێ. وەک چۆن باوکێک کچەکەی خۆی خۆش دەوێت، منیش وەک باوکێک ئەوم خۆش دەویست، نە زۆرتر و نە کەمتر. ئەم داوەرییەی من سەبارەت بەم پەیوەندییە، لەبەر ئەوە بوو کە زۆر جار هەستم دەکرد مەیلێکی سەیرم هەبوو بۆ ماچکردنی سەرە بچووکەکەی، یان کوڵمە ئاڵەکانی، کە نەمدەتوانی بەر بەو مەیلە بگرم. بەلام هەرگیز ئەم مەیلەم بەدی نەهێنابوو. بەلام ئەبێت دانی پێدا بنێم، ئەگەر دەرفەتی ماچکردنی لێوەکانیم بۆ

Scanned by CamScanner

هەلبکەوتایە، ئەوە هەرگیز خۆمم لێ لا نەئەدا، نەک هەر بەتەنیا لێوەکانی، بەڵکو دانە نازدارەکانیشی، کە وەک دوو ڕشتەی مرواری وردیلە و جوان بوون... بەتایبەت ئەو کاتانە زۆر جوانتر دەر دەکەوتن، کە پێدەکەنی. ئەو زۆر جار سەرئاسا پێدەکەنی. ئیڤان ماتڤیتیچ لە کاتە خۆشەکانی ژیانیدا وا خۆی گرتبوو، کە ئیلینا ئیڤانۆڤنای بە (خۆشەویستە بەرزەفڕ)ەکەی بانگ بکات - ئەمە نازناوێک بوو، لێوڕێژ بوو لە ڕاستگۆیی و شادی. ئەو نازناوەی زۆر لێ دەهات. ئەگەر بتوانم بڵێم، ئیلینا ئیڤانۆڤنا هەر بەڕاستی ئەتوت نوقڵە، هێندە خوێنشیرین و لەبەردڵان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، نەمەتوانی لەوە تێبگەم چ شتێک وای لە ئیڤان ماتڤیتیچ کردبوو، وا خەیاڵ بکات خێزانەکەی لە یڤیجینا توری ڕووسی دەچێت؟

بە هەرحاڵ، خەونەکەی من، مەیموونەکانی لێ دەر چێت، کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەر خۆشی لەسەر بەجێ هێشتم، بووە هۆکاری ئەوەی هەرچی ئەوەی دوێنێ ڕووی دا لەبیرم بچێتەوە، بەتایبەت کاتێک کوپەچایی بەیانیانی خۆمم نۆش کرد. پێم باش بوو پێش ئەوەی بڕۆم بۆ کارەکەم، سەرێک لە ئیلینا ئیڤانۆڤنا بدەم. لە ڕاستیدا وەک دۆستێکی خێزانەکە، ئەبووایە ئەم کارەم بکردایە.

Scanned by CamScanner

لەو ژووەرە بچووکەی لە دەرەوەی ژووری نووستنەکە بوو - پێیان دەوت ژووری میوانی بچووک، بەم شێوەیە ژووری میوانەکەیان لە ڕاستیدا هێندە گەورە نەبوو، بگرە زۆریش بچووک بوو. ئیلینا ئیڤانوڤنا بە جلی ژێرەوە و نیمچەڕووت، لەسەر چەرپایەکی جوان، نزیک مێزی نانخواردنی بەیانیان لێی دانیشتبوو و قاوەی دەخواردەوە، لەولای کوپە بچووکەکەشییەوە، هەندێک بسکیتی دانابوو، کە لە قاوەکەی هەڵدەکێشا و بە قاوەکەوە دەیخوارد. بەڕاستی جوانییەکەی مرۆڤی حەیران دەکرد، تەواوی بیر و هەستی داگیر کردبووم. هێشتا بەتەواوی دالغەکەم بەری نەدابووم، منی بینی و بە زەردەخەنەیەکەوە، کە وا دیار بوو هێشتا لە دالغەلیدااندا بێت، سلاوی لێ کردم و وتی:

"ئاه ئەوە تۆیت، ساختەچی! وەرە دانیشە، پیاوی ساویلکە! وەرە قاوەیەکم لەگەڵ بخۆرەوە. زۆر باشە، پێم بڵێ بزانم دوێنێ چیت کرد؟ ئایا چوویت بۆ ئاهەنگی دەموچاوداپۆشینەکە؟"

"بۆ مەگەر تۆ چوویت؟ تۆ ئەزانیت من مەیلی چوون بۆ ئەو جۆرە شوێنانەم نییە. بەتایبەت دوێنێش، کە سەردانی ئەو بەندییە بەدبەختەم کرد..."

ئاهێکی قووڵم هەڵکێشا، هەروەها لە کاتێکدا کە

Scanned by CamScanner

کوپی قاوەکەم بە دەستەوە بوو، چوومە دۆخێکی زۆر لەخواترسانەوە.

"کێ...؟ چ بەندییەک...؟ ئەها، بەڵێ! هاوژینی داماوم! زۆر باشە، بارودۆخی چۆنە؟ جارز نەبووە؟ ئەزانیت... شتێک هەیە ئەمویست لێتان بپرسم... پێم وا بێت ئێستا ئەتوانم داوای جیابوونەوەی لێ بکەم؟

بە بیستنی ئەم قسەیە بە جۆرێک نارەحەت بووم، کە خەریک بوو کوپە قاوەکەم لە دەست بەر بێتەوە و هەموو قاوەکەی ناوی برژێت. گوڕاندم:

"جیابوونەوە!"

داخەدڵانە لەگەڵ خۆما کەوتمە بیرکردنەوە و بە خۆمم وت: هەبێت و نەبێت، ئەو کابرا ڕەشتاڵەیە، کە سمێڵێکی کورتی دانابوو، شتێکیشی لە هونەری تەلارسازی دەزانی، زۆر جار لە دوورەوە دەهات بۆ بینینیان و زۆریش کارامە بوو لە سەرنجڕاکێشانی ئیلینا ئیڤانۆڤنا بەلای خۆیدا. ئەبێت دانی پێدا بنێم، کە بەڕاستی ڕقم لێی دەبۆوە، جێگەی چەندوچوونیش نەبوو کە دوێنێ ئیلینا ئیڤانۆڤنا لە ئاهەنگی دەموچاوداپۆشینەکە چاوی پێ کەوتووە یان دەشێت هاتبێت بۆ ئێرە و مێشکی ئیلینای بە قسەی پرووپووچ پڕ کردبێت.

ئیلینا ئیڤانۆڤنا - وەک مرۆڤێک چۆن پێشتر ڕاهێنانی

Scanned by CamScanner

لەسەر وانەیەک کردبێت، جوولەیەکی خێرای کرد و وتی:
ئەگەر ئەو بڕیاری ئەوەی دابێت کە لەناو سکی ئەو تیمساحەدا بمێنێتەوە، ڕەنگە بە هەموو تەمەنی نەگەڕێتەوە، ئەبێت من لێرە قاچلەسەرقاچ لێی دانیشم و چاوەڕێی بکەم؟ مێردی ڕاستەقینە پێویستە لە ماڵی خۆیدا بژی، نەک لەناو سکی تیمساحدا!"

بە حەسرەتەوە لێم ڕوانی و وتم:
"بەڵام ئەمە پێشهاتێکی پێشبینینەکراو بوو."

لەپڕ ئاوەزی خۆی لەدەست دا و قیژاندی بەسەرما:
"ئاه. قسەم لەگەڵ مەکە، نامەوێت گوێ بگرم، تۆ هەمیشە لە دژی منیت، تۆ زۆر بەدبەختیت! چیتر پەیوەندیی بە تۆوە نییە. چیتر مافی ئەوەت نییە ئامۆژگاری من بکەیت! هەمووان دەڵێن کە ئەتوانم داوای جیابوونەوە بکەم، چونکە ئیڤان ماتڤیتیچ چیتر ناتوانێت مووچەکەی وەربگرێت!"

بە دەنگێکی کەساسانە و تژی لە بەزەیی وتم:
"ئێلینا ئیڤانۆڤنا! ئایا بەڕاست ئەوە تۆیت ئەم قسانە دەکەیت؟ چ ناپیاوێک ئەم بیرۆکەیەی کردۆتە مێشکتەوە؟ جیابوونەوە تەنها لەبەر مووچەبڕان؟ مەگەر دەکرێت لەبەر شتێکی ئاوا بێنرخ داوای جیابوونەوە بکرێت؟ ئیڤان ماتڤیتیچی داماویش، ئیڤان ماتڤیتیچی خێرلەخۆنەدیویش،

Scanned by CamScanner

تەنانەت لەناو سکی تیمساحەکەشدا، خەریکە لە گڕی خۆشەویستیی تۆدا دەسووتێت. وەک کڵۆشەکرێک، چۆن لەناو ئاودا دەتووێتەوە، ئاوا لە خۆشەویستیی تۆ لەناو سکی ئەو دەعبایەدا وەختە بتووێتەوە. دوێنێ کە تۆ لە ئاهەنگی دەموچاوداپۆشینەکەدا خەریکی ڕابواردن بوویت، ئیڤان ماتڤیتیچ دەیوت کە ڕەنگە لە کۆتا قۆناغدا داوا لە تۆ بکات، وەک خێزانێکی یاسایی خۆی بانگهێشتت بکات بۆ ناو سکی تیمساحەکە و بۆ ئەوەی لەوێدا لەگەڵی بژیت، بەتایبەت کە وا دەر دەکەوێت جێگەی بەتاڵ زۆر بێت لەناو سکی تیمساحەکەدا، ئەمەش نەک هەر بۆ دوو نەفەر، بگرە تەنانەت جێگەی سێ کەسیش دەبێتەوە..."

پاشان هەرچی بەشە سەرنجڕاکێشەکانی گفتوگۆکەی شەوی پێشووتری خۆم و ئیڤان ماتڤیتیچ بوو، بەوردی بۆم گێڕایەوە.

بە سەرسووڕمانێکەوە هاواری لێ بەرز بۆوە و وتی:

"چی، وتت چی! داوام لێ دەکەیت بە هەمان شێوە منیش بچمە ناو سکی ئەو تیمساحە بەدفەڕەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیڤان ماتڤیتیچدا بم؟ چ بیرۆکەیەکە! مەگەر دەکرێت بە کڵاو و تەنوورە پەڕپەڕەکەمەوە بچمە ناو سکی تیمساحەکەوە؟ خوایە گیان، چ گەمژەییەکە! کاتێک ئەچمە ناو لاشەی تیمساحەکەوە، ئەبێت چ دیمەنێکم

Scanned by CamScanner

هەبێت، چەند ناخۆشە ئەگەر لەو کاتەدا یەکێک لەوی ببینێت! چەند ترسناکە! ئەی باشە لەوی چی بخۆم؟ و... و... وە... پێویستە چی بکەم لەوێ کاتێک...؟ ئەی خوایە، خەلک دوایی چۆن بیر دەکەنەوە... ئەی پێم ناڵێیت بە چ شتێکەوە خۆم سەرقاڵ بکەم لەناو سکی ئەو دەعبایەدا...؟ وتت بۆنی لاستیکی گوتا پرکای لێ دێت؟ ئەی ئەگەر بوو بە دەمەقاڵێمان چی بکەم؟ ئایا هەر دەبێت لەتەنیشت یەکەوە بمێنینەوە؟ پەکوو، چەند ترسناکە...!

خۆم فڕێ دایە ناو قسەکانییەوە، بە هەمان ئەو جۆشوخرۆشە سروشتییەی لە ناخی هەر مرۆڤێکدا دروست دەبێت، کاتێک هەست دەکات ڕاستییەکە بەلای خۆیدا پارسەنگە، وتم:

"قسەکانتم پەسەندە. هەموو ئەو بیانووانەی بۆ قسەکانت هێناتنەوە، پەسەندمە. ئیلینا ئیڤانۆڤنای خۆشەویست. بەلام شتێکت لەیاد کردووە، پەیت بەوە نەبردووە، کە ئەو ناتوانێت بێ تۆ بژی. ئەگەر ئەو بانگهێشتت دەکات بۆ ئەوێ؛ ئەمەش سەلماندنی خۆشەویستییە، بەسۆزییە، وەفادارییە، پەرستنە... ئیلینا ئیڤانۆڤنای خۆشەویست! تۆ زۆر بە کەمی بیرت لەوە کردۆتەوە، کە ئەو چەندێک خۆشی دەوێت!"

ئیلینا ئیڤانۆڤنا لە کاتێکدا دەستە بچووکە جوانەکانی

Scanned by CamScanner

ڕادەوەشاند بۆ من، لەگەڵ پەنجە ناسکەکانی، کە دیار بوو تازە نینۆکەکانی شۆردبوو و بۆیەی کردبوون، وتی:

"نامەوێت، نامەوێت، نامەوێت هیچی دی لەم بارەیەوە ببیستم! ئەی پیاوی ناشرین! تۆ فرمێسکم پێ دەڕێژێت! ئەگەر پێت وایە ئەمە بیرۆکەیەکی باشە، کەواتە خۆت بچۆرە ناو سکی تیمساحەکەوە. تۆ هاوڕێی ئەوێت. بڕۆرە ناو سکی تیمساحەکە و لەگەڵیا بە و تەواوی ژیانت سەبارەت بە زانستێکی بێزارکەر گفتوگۆ بکە لەگەڵیا..."

بە دەنگێکی نەرمونیان بەم ژنە هەڵەشەیەم وت:

"هەڵە دەکەیت ئەگەر بەم پێشنیارە پێبکەنیت. ئیڤان ماتڤێتیچ بە هەمان شێوە منی لەبەر دۆستی و جوامێرییەکەم و تۆی لەبەر ئەرکەکەت، بانگهێشتی ڕۆشتن - بۆ - ناو - سکی- تیمساحەکە کردووە. دوێنێ شەوی ڕابردوو، کاتێک ئیڤان ماتڤێتیچ باسی کشانی لاشەی تیمساحەکەی دەکرد و دەیوت ئەکشێت، ئەیویست زۆر بەسادەیی بڵێت، کە نەک تەنها بۆ دوو کەس، بەڵکوو بۆ منیش وەک هاوڕێیەکی خێزانەکە، جێگە هەیە. بەتایبەت ئەگەر من لەگەڵ تۆ یەک بگرم و ئیتر ئا بەم شێوەیە..."

ئێلینا ئیڤانۆڤنا، کە بە سەرسوورمانەوە لە منی دەڕوانی، هاواری کرد:

"چۆن چۆنی هەرسێکمان؟ چۆن هەرسێکمان لەناو

Scanned by CamScanner

سکی ئەو تیمساحەدا جێگەمان دەبێتەوە؟ ئایا هەرسێکمان بەیەکەوە لەوێ دەبین؟ ها - ها - ها! بەراستی دووانی گەمژەن! ها - ها - ها! با پێشەکی پێت بڵێم، ئەگەر بچینە ئەوێ، ئەوە بەردەوام نقورچکت لێ دەگرم و هەراسانت دەکەم، ئەی بەدبەخت! ها - ها - ها!

پاشان چووە سەر چەرپاکەی و پاڵی دایەوە، هێندە پێکەنی، تا فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە. فرمێسکەکانی و پێکەنینەکەی هێندە دڵرفێن بوو، کە وای لێ کردم چیتر نەتوانم بەسەر خۆمدا زاڵ بم و شەیدایانە ماچێکی دەستیم کرد، هەڵبەت ئەویش هیچ بەرهەڵستییەکی لە بەرامبەر ئەم کارەی من نەنواند و بگرە نەک بەرهەڵستیشی نەکرد بەڵکوو وا دیار بوو چێژیشی لێ بینیبێت، چونکە بەهێواشی نقورچکێکی لە گوێچکەکانم گرت، کە ئەمەش هێمای قایلبوون بوو بەو کارە.

پاشان هەردووکمان ئاسوودە و خۆشنوود بووین و کەیفمان زۆر بە یەکتر هات. مووبەموو، تەواوی پلانەکەی ئیڤان ماتڤێتیچم بۆ روون کردەوە. بابەتی چۆنیتی میواندارییەکانی ئێوارانی لە دیوەخانی ماڵەکەی خۆی، ئێلینا ئیڤانۆڤنای بێئەندازە خۆشنوود کرد و وتی:

"تەنها پێویستم بە جلوبەرگێکی نوێ و زیاتر هەیە و پێویستە ئیڤان ماتڤێتیچ هەرچی زووترە، پارەی پێویستم

Scanned by CamScanner

بۆ کڕینیان بۆ بنێرێت، تا زووتر بینێرێت، باشتر..."

پاشان وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە، وتی:

"تەنها... تەنها نازانم چۆن ئەتوانن ئەو بە حەوزێکەوە بۆ ئێرە بهێنن؟ کارێکی زۆر قێزەونە. من نامەوێت مێردەکەم لەناو حەوزێکدا هەڵبگیرێت و بهێنرێت بۆ ئێرە. چونکە ئەم دیمەنە وام لێ دەکات بەتەواوی هەست بە شەرمەزاری بکەم لە بەرچاوی سەردانکەرەکانمدا، کاتێک ئەم دیمەنە دەبینن... ئەمەم ناوێت، نا ئەمەم ناوێت!"

لەپڕ بیرم کەوتەوە و وتم:

"ئەری بەڕاست، دوێنێ تیمۆفی سمیۆنیچ هات بۆ ئێرە؟"

"ئاهـ بەڵێ، هاتبوو تا دڵنەوایيم بکات، ئەزانی، تەواوی ئەو کاتەی لێرە بوو، بەیەکەوە یاری کاغەزمان کرد. ئەو لەسەر ئەوە یاریی لەگەڵدا کردم، کە ئەگەر هات و من بردمەوە، ئەوە ئەو هەندێک شیرینیم پێشکەش دەکات، ئەگەر هات و خۆشی بردییەوە، ئەوە دەستەکانم ماچ دەکات. چ مرۆیەکی بەدبەختە! تەنانەت ئامادە بوو لەگەڵم بێت بۆ ئاهەنگی دەموچاوداپۆشینەکە. بەڕاستی مرۆیەکی بەدبەختە!"

بە سەرنجێکەوە وتم:

"ناشێت ئالۆشی تێ کەوتبێت و لەبەر ئەوە هاتبێت!

Scanned by CamScanner

هەرچەندە ناتوانم لومەی بکەم، چونکە کێ جوانیکی وەک تۆ خانەدان و دڵرفێن ببینێت، ئالوشی تێ ناکەوێت؟"

"ئاهـ واز لەم پیاهەڵدانانەت بهێنە! بمێنەرەوە، چونکە ئەمەوێت نقورچکێکت وەک دیاری لێ بگرم. لەم دواییانەدا زۆر بەخراپی فێری نقورچکگرتن بووم. زۆر باشە، باسی چیت دەکرد؟ بە هەرحاڵ، بەڕاست وتت کە ئیڤان ماتڤێتیچ دوێنێ زیاد لە چەند جارێک باسی منی کردووە؟"

"نە... نەخێر، بەتەواوی نا... ئەبێت بڵێم ئەو زیاتر بیری لە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەکردەوە، هەروەها دەیویست..."

ئاهـ... وازی لێ بێنە، با هەر بۆخۆی خەیاڵپڵاوی بکات! پێویست ناکات تەواوی بکەیت! دڵنیام ئێستا تەواو جارز بووە. سبەینێ ئەچم بۆ سەردانی. بەدڵنیاییەوە، سبەینێ سەری لێ دەدەم. بەڵام ئەمڕۆ ناچم، چونکە سەرم ژان دەکات، بەتایبەت ئەمڕۆ، کە حەشامەتێکی زۆر بۆ بینینی ئەو دەچن و... ئەگەر لەوێ من ببینن، ئیتر هەمووی دەڵێت ئەم ژنە خێزانی ئەوە. منیش هەست بە شەرمەزاربوون دەکەم... بە خوات ئەسپێرم. تۆ ئەم ئێوارەیە لەوێ دەبیت، وا نییە؟"

"بەڵێ. ئەچم بۆ لای، چونکە داوای لێ کردم ڕۆژنامەکانی بۆ ببەم."

Scanned by CamScanner

"بیرۆکەیەکی زۆر باشە. بڕۆ و بیانخوێنەرەوە بۆی. بەلام ئەمرۆ بۆ سەردانی من مەیە. چونکە تەندروستیم باش نییە و ڕەنگە بۆ سەردانی یەکێک بچم، تا چاوم پێی بکەوێت. خوات لەگەل، ساختەچی."

بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئایا تۆ بلێیت ئەم ئێوارەیە ئەو خانەدانە ڕەشتاڵەیە بێت بۆ سەردانی؟

لەسەر شوێنی کارەکەم، بە شێوەیەک هەلسوکەوتم کرد، کە سەرنجی کەس بەلای خۆما ڕانەکێشم. کە وا هەست بکەن نیگەرانی شتێکم، بۆیە زۆر ئاسایی خۆم نیشان دا. بەلام هەر زوو سەرنجم دا، کە هەندێک لە ڕۆژنامەکانی پێشکەوتن، لەنێوان هاوکارەکانمدا دەستاودەستی پێ دەکرێت و بە ڕووخسارێکی زۆر جەسوورانەوە خەریکی خوێندنەوەین. یەکەم ڕۆژنامە کە بەدەستم گەیشت، ڕۆژنامەی (نیوز-شیت) بوو، ڕۆژنامەیەک بوو، کە پەیوەست نەبوو بە کۆمەلەیەکی تایبەتییەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەوالی مرۆڤدۆستانەی لەخۆ دەگرت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو، کە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو لەلامان. لەگەل ئەوەشدا، هەر دەشمانخوێندەوە. ڕۆژنامەکەم وەرگرت و بێ ئەوەی سەرسوورمانێک بە خۆمەوە نیشان بدەم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی وتارەکەی ناوی:

Scanned by CamScanner

((دوێنێ، پڕوپاگەندەیەکی نامۆ لە شەقامە بەشکۆ و تەلارە بەشکۆکانی پایتەختە مەزنەکەمان بڵاو بۆتەوە، پڕوپاگەندەکان دەڵێن، کە کەسێکی زۆر ناسراو و پەیوەست بە ژیانەوە و لە چینێکی بەرزی کۆمەڵایەتی، کە پێی دەچێت لە خواردنەکانی ڕیستورانت بۆریل و یانەی ئێکس ماندوو بووبێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ڕوو دەکاتە گەلەرییەک، بۆ شوێنێک، کە بۆ یەکەم جارە تیمساحێکیان بۆ هێناوە، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا هێنراوە بۆ پایتەختەکەمان، بە مەبەستی نمایشکردنی. ئەم پیاوە بەڕێزە بە پێداگرییەوە داوای ئەوەی کردووە، کە ئەو تیمساحەی بۆ نانی ئێوارە بۆ ئامادە بکەن، پاش ڕێکەوتن لەگەڵ خاوەنی تیمساحەکە، بۆ قووتدانی ئەو دەستبەکار دەبێت "(مەبەستمان قووتدانی خاوەنی تیمساحەکە نییە، کە ئەڵمانییەکی بەڕێز و بەنەزاکەتە، بەڵکوو مەبەست لە تیمساحەکەیەتی نەک خۆی)." پاش ئەوەی تیمساحەکەی دەهێنرێتە بەردەست، بە چەقۆ بچووکە گیرفانییەکەی دەست دەکات بە لێکردنەوەی پارچەی چەور و ئاوداری جەستەی تیمساحە زیندووەکە و بە خێراییەکی نائاسایی پەلاماری تیمساحەکە دەدات و قووتی دەدات، بە شێوەیەک، کە تەواوی جەستەی ئەو تیمساحە لە گەدە گەورەکەی خۆیدا جێ دەکاتەوە. تەنانەت هەر بە خواردنی تیمساحەکەشەوە ناوەستێت،

Scanned by CamScanner

بەلکوو دەیەویت هێرش بکاتە سەر نەمسە میسرییەکەش - کە هاورێی هەمیشەییی تیمساحەکە بوو. ڕەنگە وا بیری کردبێتەوە، کە ئەمەش بۆ دوای خواردنەکە زۆر بەچێژ بێت! ئێمە لەگەڵ ئەم ژەمەخۆراکە نوێیە، کە ورگپەرستانی بیانی هەر لە کۆنەوە سەروکاریان لەگەڵ ئەم شتانەدا هەبووە، هیچ لارییەکمان نییە. لە ڕاستیدا ئێمە پێشبینی وەها ڕۆژێکمان دەکرد، کە ئەم شتانە بە چاوەکانی خۆمان ببینین. لە ڕابردووشدا لۆردەکانی ولاتی ئینگلاند و گەشتیارەکان، میوانداری گەورەیان ڕێک دەخست، ئەو خواردنەشی کە لەم میوانداریيە گەورانەدا ئامادە دەکرا، لە گۆشتی ئەو تیمساحانە ئامادە دەکرا، کە لە میسردا ڕاو دەکران. پشتی ئەم دەعبایە، کە لە گۆشتی گوێرەکە دەچێت، دەکولێندرا لەگەڵ بەهاراتی خەرتەلە و پیاز و پەتاتە و بەم شێوەیە نۆشیان دەکرد.

فەڕەنسییەکانیش بە هەمان شێوە کاتی خۆی کە هاتن بۆ میسر، هاوڕێ لەگەڵ "(فێردیناند دی لیسبس)،" ئەوان مەیلیان لە پەنجە کولاوەکانی تیمساحەکە بوو لەناو لمی گەرمدا، وەک لە پشتی تیمساحەکە، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی ئینگلیزەکانەوە بن، چونکە ئینگلیزەکان هەمیشە پێیان پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکردن.

ئێمە هەردوو ڕێگەکەمان بەلاوە پەسەندە و هیچ

Scanned by CamScanner

کێشەیەکیشمان نییە لەسەری، بگرە هەردوو ڕێگەکە جێگەی ستایشکردنیشن. ئێمە وەک خۆمان، دڵخۆشین بەوەی کە لقێکی نوێ لە پیشەسازی دەر کەوتووە لە وڵاتەکەمانا، چونکە وڵاتە گەورە و هەمەجۆرەکەمان پێویستی بەم جۆرە پیشەسازییانەیە. ڕەنگە کەمتر لە ماوەی یەک ساڵ، سەدان تیمساح هاوردەی ڕووسیا بکرێت بۆ جێگرتنەوەی ئەو یەکەم تیمساحەی لە گەدەی ئەو پیاوە چلێسەی پترسبۆرگ ون بوو. لە ڕاستیدا، بۆ ناکرێت هەوڵی ئەوە بدرێت، کە تیمساحەکان لەگەڵ ئاووهەوای ڕووسیا ڕابهێنرێن؟ ئەگەر ئاوی ڕووباری نیڤا بۆ ئەم گیاندارە نامۆیە سازگار نییە و زۆر ساردە، ئەوە چاڵاو لە پایتەخت ڕووبار و دەریاچەی زۆر لە دەرەوەی پایتەخت هەیە. بۆ نموونە، بۆچی بۆ پەروەردەکردنی تیمساح لە چاڵاوەکانی پارگۆلۆڤۆ خەرجی بۆ دابین نەکرێت؟ یاخود لە پاڤلۆفسک، یان لەو چاڵاوانەی لە پریسنینسکی و هەروەها لە سامۆتکا لە مۆسکۆ؟ ئەگەر بێت و ڕەزامەندیی ئەم کارە وەربگیرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕێگەیە خۆراکێکی بەتاموچێژ بۆ خۆشخۆرەکانمان، ئەوانەی هەمیشە نارازین، دابین دەبێت و ئەو کێشەیەشیان لە کۆڵ دەبێتەوە، لە هەمانکاتیشا، وەک سەرگەرمییەکی چێژبەخشیش دەبێت بۆ ئەو خانمانەی کە بەردەوام لەلای ئەو چاڵاوانە پیاسە

Scanned by CamScanner

دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بۆ فێرکردنی منداڵان لە مێژووی سروشتدا سوودی لێ دەبینرێت. پێستی تیمساح دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ دروستکردنی کیفی خشڵ و گەوهەر، کیفی ئاسایی، قووتووی جگەرە، هەروەها بۆ دروستکردنی تورەکە، کە دەتوانرێت کتێبی تێدا هەڵبگیرێت. بە هەزاران ڕۆبڵ، بە هەزاران لەو دراوە کاغەزییە پۆخڵە، کە بازرگانەکانمان خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەریان بۆی هەیە، بێتە سەر دراوەکانی تریان و پاشەکەوتێکی باشی لێ بکەن، ڕەنگە ئەم سەرمایە لەبنەهاتووە لە پێستی ئەو تیمساحەدا خۆی حەشار دابێت. ئێمە هیواداریـن جارێکی تریش سەبارەت بەم بابەتە سەرنجڕاکێشە گفتوگۆ بکەینەوە)

لەگەڵ ئەوەی پێشبینیی وەها وتارێکم دەکرد، بەڵام ناڕاستی و بێباکی نووسەرەکەی بەتەواوی جاڕزی کردم. لەبەر ئەوەی کەسێکم نەدۆزییەوە، تا ئەو کاریگەرییە گیانییەی بۆم دروست بوو، ئەو هەستە ناخۆشەی بۆم دروست ببوو، لەگەڵیدا بەش بکەم، ناچار ڕووم کردە پرۆفۆر ساڤیچ - کە بەرامبەرم دانیشتبوو.

سەرنجم دا، کە ماوەیەک دەبێت چاوی لەسەر نەتروکاندووم و ڕۆژنامەی (ڤۆیس)ی بە دەستەوەیە و وەک ئەوەی بیەوێت بیدات بە من. بێ ئەوەی وشەیەکی

Scanned by CamScanner

لە زار بێتە دەر، ڕۆژنامەی (نیوز-شیت)ەکەی لێ سەندم، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی (ڤۆیس)ی بە من دەدا، پەنجەی خۆی خستە سەر ناونیشانی وتارێک، تا بیخوێنمەوە.

ئەم پرۆفیسۆر ساڤیچە پیاوێکی تا بڵێی سەیر و نامۆ بوو. پیرەپیاوێکی زگوردی بوو، بەڵام بێدەنگ و کەمدوو. لەگەڵ هیچ یەکێک لە ئێمە، پەیوەندییەکی دۆستانەی نەبوو، بەدەگمەن لە سەرکار قسەی لەگەڵ یەکێکدا دەکرد. بیروباوەڕی تایبەت بە خۆی هەبوو لەسەر هەموو شتێک. بەڵام خۆی لە ئاشکراکردنی بیروباوەڕەکانی دەپاراست. ئەو بەتەنها دەژیا. زۆر بەکەمی هاوکارەکانی سەردانیان دەکرد.

ئەوەی لە ڕۆژنامەی (ڤۆیس) خوێندمەوە، بەم شێوەیە بوو:

(ئاشکرایە لای هەموان، کە ئێمە پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆستین و هەر بۆیە لەم ڕووەوە خۆمان لە ئاستی تەواوی ئەوروپادا بە یەکسان دەزانین و خۆمان لە ئاستی ئەواندا ئەبینینەوە. بەڵام، سەرباری هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی ڕۆژنامەکەمان لەم ڕووەوە، هێشتا نەگەیشتووینەتە پلەی کاملبوون لە بیرکردنەوەدا. هەر ئەوەی کە دوێنێ ڕووداوێکی هەژێنەر لە گەلەرییەک ڕووی دا، دەکرێت بە کاملنەبوونی بیرکردنەوەی ئێمە

Scanned by CamScanner

لـە قەڵـەم بدرێت، ئێمـەش زۆر لەمەوبـەر پێشبینیی ئـەم دۆخەمـان دەکـرد.

کابرایەکی بیانی دێتـە نـاو پایتەختەکەمـان، هـاوڕێ لەگەڵ خۆیدا تیمساحێک دێنێت و لە گەلەرییەکدا نمایشی دەکات. ئێمـە ڕاستـەوخۆ و بەخێرایی پێشوازیمان لـەم لقـە نوێیـە بەسـوودەی پیشەسـازی کـرد، چونکـە وڵاتـە بەهێز و ڕەنگینەکەمـان پێویستییەکی زۆری بـەم جـۆرە پیشەسازییانە هەیە. دوێنێ لەناکاو و دەوروبـەری کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ، خانەدانێکی جوانخاس و دلێر، لە کاتێکا لەوپـەڕی مەستیدا دەبێت، خۆی دەکات بە دوکانی کابرای بیانیدا. پاش ئـەوەی پارەی چوونـەژوورەوەی خۆی دەدات و ڕاستـەوخۆ و بێئاگایانە غار دەدات و خۆی فڕێ ئەداتـە نـاو دەمـی تیمسـاحەکە، گیانـداری داماویش ئەشـڵەژێت و لەپێنـاو مانـەوەی خـۆی و ڕێگرتـن لـەوەی بخنکێت، ناچار ئەم خانەدانە هەڵدەلووشێت. کابرای نامۆ، پاش خۆهەڵدانە نـاو دەمی تیمساحەکە، بێ سێ و دوو لە خەوێکی قووڵ ڕۆدەچێت و نە هـاواری خاوەن تیمسـاح و نە گریانوزاریی خێزانە تۆقیوەکەی و نە هەڕەشـەی چوون - بە - شوێن - پۆلیسدا، هیچ یەکێک لـەم شتانە بەقـەد دەنکە خەردەلێک کاری تـێ نەکـرد. لەنـاو سـکی تیمسـاحەکەوە، جگـە لـە دەنگی قاقالیدان و هەڕەشـەکردن بـە کەولکـردن و پێست - لەبـەر - داماڵینـی تیمسـاحەی دامـاو، گوێبیسـتی هیـچ

Scanned by CamScanner

شتێکی تر نەبووین. هەرچەندە ئەو گیاندارە داماوە ناچار بوو پەیکەرێکی ئاوا زەلاح قووت بدات. بەلام فرمێسکی بێهوودەی دەرشت. میوانی بانگهێشتنەکراو، لە تەتەری تووڕەوترۆ خراپترە. هەر وەک ئەو پەندەی دەڵێت: "(مال لە خاوەن مال حەرامە)."

ئێمە نازانین ئەم ڕووداوە بەربەریە - کە کەمی ئاستی ژیاریمان دەسەلمێنێت و ئابرووی ئێمە لە بەرچاو بێگانەکان دەتکێنێت - بە چ شێوەیەک شیکاری بکەین! هەوەسێکی سەرشێتانەی لەم جۆرە، بریتییە لە گیانی بێباکانەی مرۆڤی ڕووسی. بەم شێوەیە، دەرچەیەکی دەربازبوونی نوێ بەدەست هاتووە.

دەکرێت بپرسین: ئایا ئامانجی ئەم میوانە بانگهێشتنەکراوە چی بووە؟ ئایا وێل بوو بەشوێن جێگەیەکی گەرم و نەرمەوە؟ بەلام خانووگەلێکی زۆر نایاب لە پایتەخت بە نرخێکی هەرزان و کەلوپەلی گونجاوەوە دەست دەکەوێت، کە ئاوەکەی لە ڕووباری نێڤا بۆ دابین کراوە و پیپلیکانەکانی بە گاز ڕووناک کراوەتەوە و هەروەها حەسحەسی تایبەتیشی لەلایەن خاوەن خانووەکەوە بۆ دابین کراوە. ئێمە دەمانەوێت سەرنجی خوێنەرەکانمان بەلای ئەو کردە شەڕەنگێزانەیەدا ڕابکێشین، کە بەرامبەر بەو تیمساحە داماوە کراوە.

Scanned by CamScanner

گومانی تێدا نییە، کە کارێکی هێندە ئاسان نییە بۆ ئەو تیمساحە، کە پەیکەرێکی زەلامی لەو شێوەیە هەرس بکات، هەر بۆیە و لەم ڕووەوە، گیانداری داماو ئێستا بە ئەندازەی کێویک هەڵئاوساوە و بە ئازارێکی زۆرەوە چاوەڕوانی مەرگە. لە ئەوروپا، هەرکەسێک کارێکی نامرۆڤانە لەگەڵ ئاژەڵێکیماڵیدا بکات، ئەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە. بەڵام ئێمە سەرباری ڕۆشنبیرییە ئەوروپییەکەمان، سەرباری شۆستە و ڕاڕەوە ئەوروپییەکەمان، سەرباری هونەری تەلارسازیی خانووە ئەوروپییەکانمان، کەچی هێشتاش ئامادە نین واز لە نەریتە سواوەکانمان بهێنین، بگرە تا ئەم ساتەش، بە چاوێکی پیرۆزەوە لەو نەریتانەمان دەڕوانین.

"(هەرچەندە خانووەکانمان نوێن، بەڵام نەریتەکانمان سواون)"

هەرچەندە لە ڕاستیشدا خانووەکانی ئێمە هێندەش نوێ نین، چونکە هەر هیچیشیان نەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە پێپلیکانەکانی دارزاون. ئێمە چەندین جار لەناو ڕۆژنامەکەی خۆماندا ئاماژەمان بەم ڕاستییە کردووە، کە لەلایەک لەلاکانی پترسبۆرگ لە ماڵەکەی لوکیانۆڤی بازرگان، پێپلیکانە لە - تەختە - دروستکراوەکەی ماڵەکەی دارزیوە و هاکا دارما، ئەوەی جێگەی مەترسییە

Scanned by CamScanner

لەمەدا، ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆرە ئەم مەترسییە لەسەر ئاڤیمیا سکاپیداروڤی خزمەتکارە لەو ماڵەدا، ئەو خاتوونەی میردەکەی ئەفسەرە. ئەو گلەییی لەوە هەیە، کە ناوێریت بە دەفری پڕ لە ئاوەوە بەو پیپلیکانەیەدا سەر بکەویت. لە کۆتاییدا، پێشگۆییەکانی ئێمە ڕاست دەر چوون، چونکە دوێنێ شەوی ڕابردوو، کاتژمێر هەشت و نیو، ئاڤیما سکاپیداروڤ بە قازانێکی پڕ لە شۆرباوە، لە پیپلیکانەکانەوە دەکەوێتە خوارەوە و هەر لە جێدا قاچێکی دەشکێت. لە ڕاستیدا، ئێمە نازانین کە ئایا لوکیانۆڤ ئامادەیە دوای ڕوودانی ئەم ڕووداوە لە ماڵەکەی، ئەو پیپلیکانانە چاک بکاتەوە یان نا، چونکە ئێمەی ڕووسی، نەریتمان وایە تا کار لە کار نەترازێت، هیچ هەنگاوێک نانێین.

لە پێشهاتی ئەوەی کە چی ڕووی دا بۆ خزمەتکارەکە، خوێنەری هێژا لەوە ئاگادار دەکەینەوە، کە ئەو خاتوونەی بووە قوربانیی بێباکی کابرایەکی ڕووسی، ئێستا گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە و لەژێر چاودێریی پزیشکدایە. ئێمەی ڕووسی، هەرگیز دەست لەم خوو و نەریتە خراپانەی خۆمان هەڵناگرین و هەرگیز فێر نابین. بۆ نموونە، مەیخانەکانی سەر شەقامی ڤیبۆرگسکی، کاتێک قوڕ و لیتەی ناو دوکانەکانیان پاک دەکەنەوە، فێری ئەوە نابن نەیخەنە بەر پێی ڕێبوارانی سەر شۆستەکە؛ لە

Scanned by CamScanner

کاتێکا ئەتوانرێت ئەو قوڕ و لیتەیە هەمووی لە شوێنێکا خڕ بکرێتەوە و سەرەڕێی کەسیش نەگرێت، هەر وەک چۆن لە ئەوروپا ئەمە دەکرێت... هتد.)

لە کاتێکا لە پرۆفسۆر ساڤیچم ئەڕوانی، بە شڵەژاوییەوە لێم پرسی:

"ئەمە چییە؟ هەرچەند ئەیهێنم و ئەیبەم، سەر لەم وتارە دەر ناکەم، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟"

"مەبەستت چییە؟"

"لە هیچ شتێک تێناگەم، لەبری ئەوەی بەزەییان بە بارودۆخی ئیڤان ماتڤێتیچدا بێتەوە، کەچی فرمێسکی تیمساحی بۆ تیمساحەکە هەڵدەڕێژن و بەزەییان بەودا دێتەوە!"

"جا بۆ بەزەییان پێیدا نەیەتەوە؟ ئەوانە تەنانەت بەزەییان بە دڕندەترین گیاندار و شێردەرێکیشدا دێتەوە. ئێمەش دەبێت وەک ئەوروپا بیر بکەینەوە بۆ ئەوەی بگەینەوە بە ئەوان. ئایا نابێت؟ بە هەمان شێوە، لێرەش هەستێکی پڕ لە جۆشوخرۆش هەیە بەرامبەر بە تیمساح، ها، ها، ها!"

پرۆفسۆر ساڤیچی پیر و نامۆ، پاش دەربڕینی ئەم چەند ڕستەیە، سەری کردەوە بەناو کاغەزەکانیا و چیتر وشەیەکی دی دەر نەبڕی.

Scanned by CamScanner

ڕۆژنامەکانی (ڤۆیس) و (نیوز-شیت)م قەد کرد و کردمنە ناو گیرفانمەوە و هەر ڕۆژنامەیەکی تریش کە بەردەستم کەوت، کۆم کردنەوە بۆ ئەوەی ئێوارە بیانبەم بۆ ئیڤان ماتڤیتیچ. لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆری مابوو بۆ ئێوارە، زوو شوێنی کارەکەم بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی بەرەو گەلەرییەکە بڕۆم و لە مەودایەکی تا ڕادەیەک دوورەوە ببینم، کە لەوێ چ باسە و گوێبیستی ئەو خەلکە بم، بزانم ئەوان سەبارەت بەم ڕووداوە چۆن بیر دەکەنەوە.

پێشبینی ئەوەم دەکرد، کە قەرەباڵغییەکی پڕ لە هۆسە بێت. هەر لەبەر ئەمە، یەخەی پاڵتۆکەم هەلکیشا بۆ سەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانم ڕووبەڕووی ئەو قەرەباڵغییە ببمەوە، چونکە دانی پیدا دەنێم کە تۆزێک شەرمم دەکرد، لەبەر ئەوەی زۆر حەزم بە قەرەباڵغی و تێکەڵاوبوونی ناو خەلک نەبوو. بەلام هەست ئەکەم من مافی ئەوەم نییە باسی هەستێکی خاڵی و ئاساییی خۆم بکەم، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی ڕووداوێکی نائاسایی و ڕاستەقینەی وەک ئەم ڕووداوە بوومەتەوە.

Scanned by CamScanner



ENDESE

٤٠٠٠ دينار

Scanned by CamScanner